کوردانە

kurdaane.com

دیوانی برووسکە چاندن ........ ٤
کودەتا ........ ٥
فوتبۆڵ ........ ٦
ئاوێنە ........ ٧
دڵدانەوە ........ ٨
نەورۆزی ١٩٧٧ ........ ٩
بۆ مۆراگ دۆناڵدسن ........ ١٠
مۆسکۆ ........ ١١
جیهان ........ ١٥
کەڕەنای جەنگ ........ ١٦
ژیانەوە ........ ١٨
دایک ........ ١٩
مەرج ........ ٢٠
ناونیشان ........ ٢١
شپرزەیی ........ ٢٣
شەونوێژی نامۆیان ........ ٢٤
دارستانی سووتاو ........ ٢٧
جیهانی ئازاد ........ ٢٨
ئەمشەو تا بەری بەیانی ........ ٢٩
شێتی ........ ٣١
ئیدیا ........ ٣٢
تا نیوەی رێگە هاتووین ........ ٣٣
بۆ قەرەجێک ........ ٣٥
نهێنی ........ ٣٧
ئیمە درختی ........ ٣٨
نزا ........ ٤٠
بۆ رۆزە ........ ٤١
تەنیایی ........ ٤٢
دەفتەری سوور ........ ٤٤
دوێنێ و ئەمڕۆ ........ ٤٦
بێدەنگی ........ ٤٧
خۆکوشتن ........ ٤٩
خوو ........ ٥٠
لە رۆما ........ ٥١
چەند دەترسم ........ ٥٣
جودایی ........ ٥٤
بۆ شڤان ........ ٥٦
مەزاد ........ ٦٠
کرێوە ........ ٦٢
دوا وانە ........ ٦٣
رامانێک ........ ٦٤
لە (هاینێ)یەوە ........ ٦٥

www.kurdaane.com

چاوچنۆکی ........................ ........................٦٦
داگیرسان........................ ........................٦٧
ژوان ........................ ........................٦٨
رووبار ........................ ........................٦٩
سەدان ساڵە ........................ ........................٧٠
هەڵۆ و درەخت........................ ........................٧٥
ترس........................ ........................٧٧
نامۆ ........................ ........................٧٩
حەسرەت........................ ........................٨١
پێڵاو ........................ ........................٨٢
مردن ........................ ........................٨٣
گەنجی و پیری........................ ........................٨٤
شاکار ........................ ........................٨٥
شادی ........................ ........................٨٦
لەتبوون ........................ ........................٨٧
پیاو........................ ........................٨٨
لە باخێکدا ........................ ........................٩٠
کەڵکەڵە ........................ ........................٩١
تا چرای ئێمە نەسووتێ........................ ........................٩٢
ئێشکگرتن ........................ ........................٩٦
گومان ........................ ........................٩٧
گەر سێوێک بوو... ........................ ........................٩٨
بۆ مارگرێت ........................ ........................٩٩
پێ لێنان ........................ ........................١٠١
ئۆتۆنۆمی ........................ ........................١٠٢
گەنجینە........................ ........................١٠٤
چلچرا و مۆم ........................ ........................١٠٥
گەشبینی........................ ........................١٠٦
گەوهەر ........................ ........................١٠٧
موفاوەزات........................ ........................١٠٨
دیوار........................ ........................١١٠
کۆنگرەی شووشان........................ ........................١١١
تۆ دڵتەنگی........................ ........................١١٣
لە دایک بوون ........................ ........................١١٤
بۆ ئینتەر ناسیۆنالیستێک ........................ ........................١١٥
دووبەرەکی ........................ ........................١١٦
قیبلەنما ........................ ........................١١٧
موزێ ........................ ........................١١٨
بۆ هونەرمەندێک........................ ........................١١٩
دیوانی شەونامەی شاعیرێکی تینوو........................ ........................١٢٢
بۆ کچێکی کاڵ........................ ........................١٢٣
لەگەڵمابە ........................ ........................١٢٥

www.kurdaane.com

پێناکەنم ........................ ............................... ١٢٧
گاک ............................. ............................... ١٢٩
کەژاوەی گریان ............. ................................ ١٣١
هەگبەی دەنگوباس ........ ............................... ١٣٤
سێ نامەی کورت ............ ............................ ١٣٧
نیازێک ... هەلورەی! ........ ............................... ١٤١
دەنگێک لە کوردستانەوە ............................... ١٤٥
لە دەستم دێ ................ ............................... ١٤٨
هۆنراوەیێکی ساکار ....... ............................... ١٥١
شەونامەی شاعیرێکی تینوو ........................... ١٥٤
پرسیارێک ................... .............................. ١٥٨
بۆ پارچەکەی ترم ........... ............................... ١٦١
خۆشم ئەوێی ................ ................................ ١٦٤
درەنگ نیە .................. ............................... ١٦٦
زامی زیندووی شیللی ...... ............................... ١٦٩
ژانی شەوانی کەندالْ ...... ............................... ١٧١
ئەو پەڕی تاسە ............. ............................... ١٧٤
دوا لاپەڕەی یادداشتی دلْدارێک ..................... ١٧٥
دلْنیام کە ................... .............................. ١٧٨
بەفرو پشکۆ ................. ............................... ١٧٩
هونراوەم ئاو زەنگ ئەدا! ............................... ١٨٠
دیوانی فرمێسک و زام .............................. ١٨٢
تابلۆی ژیانم ............... ............................... ١٨٣
خۆ فرۆشن ................. ............................... ١٨٥
هەر بە دراوم ............... ............................... ١٨٧
کرێکارین .................. ............................... ١٩٠
دۆن جوان .................. ............................... ١٩٢
ئاواتێک ..................... ............................... ١٩٤
پێکەنە! ..................... ............................... ١٩٥
ئەی گولْی زەرد ............. ............................... ١٩٩
لە بیرت ناکەم .............. ............................... ٢٠٢
شێعری بێناو ............... ............................... ٢٠٤
خالْە پیروت ................................................ ٢٠٥
وشەی پەردە...! ............................................ ٢٠٧
شەوێکي بوێژ ............................................. ٢٠٨
یاری دلْسۆزم ............................................... ٢١٢
پەشیمانی ................... ............................... ٢١٣
شەوە زەنگ ................. ............................... ٢١٥
دلْداری بێدەنگ ............ ............................... ٢١٨
بڕیار بوو...؟ .............. ............................... ٢٢٢
بمبوورە ..................... ............................... ٢٢٣
فەرهەنگۆک.. Error! Bookmark not defined.


www.kurdaane.com

دیوانی بررووسکە چاندن

کوردانە
kurdaane.com

## کودەتا

پێش تۆ ناسین
منالێکی خۆپەرست بووم؛
وام دەزانی
ئاسمانی پان دەوارێکە،
تەنیا بۆ من هەڵدراوە،
زەوی دورگەی دوای تۆفانە،
جگە لە من،
هیچ کەسێکی تیا نەماوە.
ئەوینی تۆ لە پڕ هات و
شوورە و قەڵامی خاپوور کرد،
ڕەنگەکانی هەموو گۆڕی،
یاساکانی ژێر و ژوور کرد.
وای کرد دنیا
بۆ تەنیاییم وەک قەفەس بێ،
فێری کردم
شەوان نیو سەرینم بەس بێ!

١/١٢/١٩٧٣ ڤارۆنیژ

www.tirej.net

## فوتبۆڵ

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

ئاژانسەکانی دەنگوباس رایانگەیاند:
یارییەکی فوتبۆڵ دەکرێ.
دوو تیپەکە ـ کرێمل و کۆشکی سپی.
تۆپ ـ سەری کورد.
گۆڵ ـ کوردستان
تەماشاکەرـ دنیای کڕی وەک گۆڕستان!

١٩٧٤/١١/٣ مۆسکۆ

## ئاوێنە

چەند رۆژێکە
سەرنج دەدەم،
بەیانییان تا شل دەبی
لە بەر ئاوێنە دەوەستی،
پەیتا پەیتا تێی دەڕوانی...
کە لاشدەچی،
لە ڕەوتتدا ـ تەنکە خەمێک دەخوێنمەوە،
لە نیگاتا ـ نیگەرانی.
چییە؟ هاوڕێم!
چیت پێ دەڵێ
ئەو ئاوێنە زمانشڕ و دڵتۆقێنە؟
ئەگەر باسی پیری دەکا،
دەمکوتی کە؛
باوەڕمەکە بە وڕێنە.

١٤/١١/١٩٧٦ مۆسکۆ

## دڵدانەوە

نیگەران مەبە، کە شێعرم
بۆ کچانیتر نووسیوە ـ
لە ئادگاری هەموویاندا
تەنیا ئادگاری تۆم دیوە.

دڵم تاریکە وەک تونێل.
بنەمۆنێک داگیرسێنە!
چۆن کورد بە چیاوە نووساوە،
وەرە، ئاوا رووەمەتی خۆت
بە سنگمەوە بنوسێنە.
من دەمەوێ
بنەوشیلەی چاوەکانت دڵنیاکەم،
دەمەوێ سوێندت بۆ بخۆم:
لە تۆدا کەس بەدی ناکەم!

١٩٧٦/١١/٢٩ مۆسکۆ

کتێبخانەی...

## نەورۆزی ١٩٧٧

کەس مافی لەچاپدانەوەی نییە

تۆ مشووری ئاگر مەخۆ.
سەرت لە سەر سنگم دانێ،
بزانە کڵپە و نێڵەی گڕ
چ دەکا بۆ ئەم نەورۆزە!
منیش سەر بە باسکت دەکەم،
وای، بۆ شەوی تاریکی وا.
باسکی رووتت چ ئاگرێکی پیرۆزە!

٢٠/٣/١٩٧٧ مۆسکۆ

## بۆ مۆراگ دۆناڵدسن

لەم ژیانەی پڕ هەرادا،
لە بەلەمی شەقوشڕی
بەرتەوژمی پێ و بادا،
زۆر دەترسم
بازی گیانی خەیاڵگری خۆم بزرکەم،
ماوەم نەبێ
دوو پیرۆزەی چاوەکانی تۆ نەمر کەم.

لە ئێستاوە من خەمخۆری ئاسمانیشم:
پاش چاوی تۆ،
ئیدی ئاسمان چۆن بتوانێ،
ـ بەیانییان، کە رادەبێ ـ
لە ساماڵی خۆی بڕوانێ!

١٩٧٨/٥/٤ مۆسکۆ

ئەحمەد عەبدولڵای کاسب سالحی عەبدولڵای دیار

## مۆسکۆ

تا ئەمڕۆ چەند جار
دڵی بێلانەم، بۆ شۆڕە شێعرێ،
داخورپا، لێی دا؛
وەک زەنگی دێرێک بۆ نوێژ لێ بدرێ.

«ئەمڕۆ نا، سبەی...»
«ئەمڕۆ نا، سبەی...»
ئەی زمانەکەم!
خۆ ئەتۆ پەیکی بەستە و بڵێسەی،
کەی لە داوێنی پەیکەری پوشکین
مۆمێک پێ دەکەی؟
ئێ دەکەی؟
کەی؟

کەی لە کڵێسەی
شۆر وئەوینی ئەم نازدارەدا
زەنگێک لێ دەدەی؟
لێدە، دەی!
دەی!

ئەی مۆسکۆی جوان، [*]
ئەی مەڵبەندی
گوڵ و بەفر و هەمیشە ژوان!
لە ئامێزی نەرمی تۆدا،
بۆ یەکەم جار،
بەئاشکرا،
بەسەرهاتی ئاڵایەکم
گێرایەوە،
کە هەڵنەکرا!
بۆ یەکەم جار،
بە ئاشکرا،
نەخشەیەکم لە دیوار دا
(ئەوەی بە رۆژ
لە ئەتڵەسی دنیا دزرا.)
بۆ یەکەم جار،
بە ئاشکرا،
مزی هەڵبەست:
دەست و کوڵم،
لێو و گوڵم
پیشکەش کرا.
بۆ یەکەم جار لە ژیانا،

[*] دەربڕینێکی «گۆران»ە لە هۆنراوەی «مۆسکۆی جوان»دا.

چاوم، شەرمی لە خۆر شکا؛
بۆ ئافرەتان،
جێی ژوانم
لە شوێنێکی ڕووناک دانا.

⚐ ⚐ ⚐

ئەی مۆسکۆی جوان،
ئەی مەڵبەندی
گوڵ و بەفر و هەمیشە ژوان!
دەگێڕنەوە،
دەڵێن: گۆران
بە بینینی
دوو چاوی «پڕ لە هەستی جوان»⚐
لێوی سیسی بووە کانی،
ترۆپکێک بوو،
ژانی گرت، هەژا، خرۆشا،
پڕی کردی لە گۆرانی!
من «گۆران» نیم،
بەڵام . . . ڕەگم
چۆڕێک خەم و داخورپانی
گیانی ماندووی ئەوی تیایە؛
من لووتکە نیم،

⚐ دەربڕینێکی «گۆران»ە لە هۆنراوەی «وەڵامی پرس»دا.

بەڵام . . .
دەشێ . . .
کڵاوەی سەوزی گردێک بم،
کە لە سایەی لووتکەدایە.
ئەی نازانم
تاکوو ئەمڕۆ،
چەند دڵۆپە زەردەخەنە و فرمێسکی گەش:
(هی چاوی کاڵ،
هی چاوی شین،
هی چاوی رەش...)
لە گێژەنی شەوەزەنگی غەریبیمدا
سووتان وەک مۆم،
درەوشانەوە وەک چرا...
ئەی نازانم...
بۆچی لە بەر رووناکییان
شێعرێکم بۆت پێ نەنووسرا؟!
ئەی مۆسکۆی جوان!
ئەی مەڵبەندی
گوڵ و بەفر و هەمیشە ژوان!

١٨/١/١٩٧٩ مۆسکۆ

## جیهان

جیهان ــ قەحپەیەکی کەڕە.
جیهان ــ قەحپەیەکی لاڵە.
هەر کەسێکی بە چۆڕێ نەوت
بەندەخوێنی نەکاتەوە،
فەرهادێکی رەنجبەتاڵە!

جیهان ــ قەحپەیەکی کەڕە.
جیهان ــ قەحپەیەکی لاڵە.
ئەمڕۆ نییە،
دەیان ساڵە،
ئەشکی چاوم
زەنگوڵ زەنگوڵ، دانەدانە،
خوێنی دڵم
دڵۆپ دڵۆپ، دانە دانە،
بۆ گەردنی شووشە نەوتێک
دەکاتە مۆریی گەردانە!

١٩٧٩ مۆسکۆ

## کەڕەنای جەنگ

گوێتان لێمە؟!
من کەڕەنای جەنگ لێدەدەم
جەنگێکی پیرۆز و نەمر .
گوێتان لێمە؟!
من مژدەی جەنگێکم پێیە
لە هەموو جەنگێ گەورەتر!
گوێتان لێمە؟!
من کەڕەنای جەنگ لێدەدەم.
بێ ئەو جەنگە پەست و سووکین ؛
بێ ئەو جەنگە ،
هەڵۆی چیا نین ، نێرەمووکین؛
بێ ئەو جەنگە ،
ئەگەر مێژوو زەرڕەبینیش لە چاو بکا
نامان بینێ ، هێند بچووکین

گوێتان لێمە؟!
من کەڕەنای جەنگ لێدەدەم
جەنگێکی وا کە بۆنی ئاهەنگی لێ بێ
من نەفرەت لە جەنگێک دەکەم
بۆ ئەوە بێ
دنیا وەک پێش جەنگی لێ بێ!

کەس مافی لەچاپدانەوەی نییە

**ژیانەوە**

**جارجارە خەم تا بینم دێ.**
**کۆڤان دەگاتە رادەیەک،**
**ژینم بدەم بە کەڤرێکدا،**
**وردی بکەم وەک بادەیەک!**
**کەچی، لەپڕ**
**ورشەی هەودای هزرێکی نوێ،**
**سەرەتاتکەی کەڵکەڵەیێ،**
**ژیانەوەی پنچە گیایێ،**
**شنینەوەی کۆرپەڵەیێ،**
**بەژن و باڵای شۆرەژنێ،**
**سنگی سەرکێشی خرپنێ ـ**
**وام لێ دەکەن**
**لە خۆشییان لێم بڕوێ باڵ؛**
**لە ئاسمان بپاڕێمەوە،**
**پردی ژینم وا درێژکا،**
**نەپەڕمەوە بە هەزارساڵ!**

٩/٥/١٩٧٩ مۆسکۆ

## دایک

بۆ جەمیلە ، سەر دادەخەم.
بۆ ژان دارک و ترێشکۆڤە ، سەردادەخەم.[*]
بەڵام ژنێک ، لە خاکی پڕ مەرگی مندا ،
پێ لە جەرگی خۆی بنێت و ببێ بە داک ،
لە بەر پێیدا کڕنۆش دەبەم ،
ناوچەوانم دەسووم لە خاک!

١٩٧٩/٨/٣٠ پۆتسدام

---

[*] جەمیلە بوحەیرەد : کچە فیدارکاری جەزائیری.
ژان دارک: کچە قارەمانی فەڕەنسی.
ترێشکۆڤە: یەکەم ژنە کۆسمۆناوت (گەردوونگەڕ).

ماڵپەڕی کوردستانەوەی نیە

## مەرج

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

**من قەت دژی ئەوە نیم**
**دکتاتۆر جیهان بکرن،**
**سێبەری خوا بن، زۆر بن؛**
**بەڵام، مەرجێکم هەیە:**
**مناڵان دکتاتۆر بن!**

٢٣و٢٢/١٠/١٩٧٩ بەرلین ـ وارشۆ

## ناونیشان

تا هەڵبەستێک تەواو دەبێ،
من رۆحی خۆم پەرە دەکەم
وەکوو هەلاج.
کە تەواو بوو،
خاڵێک دەکەم بە عەرش بۆی،
ناونیشانێک دەکەم بە تاج.

⚐ ⚐ ⚐

هەر قورینگێک
جارێک باڵی لە دەریاچەی
ئەڤینی من هەڵکێشابێ،
بۆتە وشە بۆ هەڵبەستێک،
کە عومرێکە دەینووسم و تەواو نابێ!

⚐ ⚐ ⚐

هاورێم! ماندووم
وا هەست دەکەم

هەڵبەستەکەم هێندە درێژدارڕ بووە،
دیوانی بوون لێی پڕ بووە...
ئاگام لێیە، لە یادمدا
جێگۆڕکێ دەکەن پەیڤەکان.
ڕێگەم بدە خاڵێک دانێم،
تۆی بۆ بکەم بە ناونیشان

٩/١١/١٩٧٩ مۆسکۆ

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## شپرزەیی

ئەو رۆژەی ژوانمان هەیە،
هەرچی دەستی بۆ دەبەم:
پیاڵەی چا، کتێب، قەڵەم...
هەموو گوڵاو دەردەدەن.
ئەو رۆژەی ژوانمان هەیە،
هێشتا زووە و تۆ دووری،
ئەندامەکانی لەشم
نۆبەتبڕی لێک دەکەن:
چاو ـ رەزی لەشت دەڕنێ،
دەست ـ بە دەنگتا هەڵدەزنێ،
گوێ ـ نوقمی بۆنت دەبێ و
مەوداری دووریت دەپێوێ...
بریا دەتزانی، گیانە!
ئەو رۆژەی ژوانمان هەیە
چۆن سەرم لێ دەشێوێ!

١٩٧٩/١١/٢٢ مۆسکۆ

## شەونوێژی نامۆڵیان

١

لە هەر جێیەک چیا ببینم،
دڵم
وەک لە ژوانی یەکەممدا
دادەخورپێ، رادەچڵەکێ،
سەرسام دەوەستم لە بنیا...
وا تێدەگەم
لە چیای منرا دەست پێدەکەن
چیایەکانی هەموو دنیا!

٢

لە هەر کوێ کانی ببینم،
دڵم
وەک لە ژوانی یەکەممدا
دادەخورپێ،
رادەچڵەکێ،
پێش ئەوەی بینی پێوەنێم

لە بەر دەمیا
بە هێمنی چۆک دادەدەم،
قەوزەی سەری
وەک شابسکی شۆڕە ژنێک
شانە دەکەم...
چونکە من وام بە بیردا دێ
کە شیرناوی گشت کانییەکان
لە نیشتمانی منڕا دێ.

٣

سەرمای گەلێک شارانم دی
بەڵام پەنجەم لە گۆ نەچوون؛
چونکە سەرمای هەموو جێیەک
تیشکێک رۆژیی‌نیشتمانی منی تیایە.
گەرمای گەلێک شارانم دی
بەڵام گیانم وەڕس نەبوو،
چونکە گەرمای هەموو جێیەک
سروەیێکیی‌نیشتمانی منی تیایە.

٤

چاوی کیژی ئەوروپایی
گەر شینیش بێ ــ خۆشم دەوێ.
گەر سەوزیش بێ ــ خوشم دەوێ.
وا تێدەگەم :
شینترین چاو

سەوزترین چاو
لەم دنیایە
توزێک ڕەشی
چاوی کچی
نیشتمانی منی تیایە!

٥

نیشتمانم !
تۆ وەک تانەی لە سەر چاوم.
تۆ وەک تەمی،
لە گشت لاوە دەورەت داوم.
تۆ ئاوێنەی ـ
لە ناو تۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم.
تۆ تەیمانی ـ
بە هۆی تۆوە هیچ نابینم:
نە کەل دەبینم، نە زەوی؛
نە خوا دەبینم، نە ئاسمان؛
جا نازانم
نە جیهان وەک تۆ بچووکە
نە تۆ گەورەی بە قەد جیهان
نیشتمانەکەم ـ ک و ر د و س ت ا ن

٢٩/١١/١٩٧٩ مۆسکۆ

[watermark]

## دارستانی سووتاو

هەر نازدارێ دڵی دامێ،
لە بناری دڵدا ناشتم،
وەک نەمامێ؛
تا وام لێ هات
لەسایەی سەری خۆشەویستان
بوومە ماخۆی شادارستان!

کەتۆم ناسی،
ئەی نەمامی شلک و نەمر،
وام زانی تۆش دەچیتە پاڵ ئەوانیتر:
دەڕوێی، دەبی
بە فێنکایی... بۆ هاوینم.
بە گەرمایی.... بۆ زستانم.
کەچی، لەپڕ بووی بە شەمچە و
گڕت بەردا دارستان!

٣٠/١١/١٩٧٩ مۆسکۆ

## جیهانی ئازاد

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

جیهانی ئازاد،
هێندەی گوێ هەڵخا
بۆ زەمزەمەی نەوت لە جەرگەی خاکا،
کەڕ و کووڕ بووە،
هەست بە سووتانی لووتکەی کێو ناکا!

١٩٧٩ مۆسکۆ

## ئەمشەو تا بەری بەیانی...

ئەمشەو ، تا بەری بەیانی ،
نەنووستم و سەرنجم دای.
چەند جارێک دیتم راچەنیت.
چەند جارێکیش دیتم گریای.
خەونت بە چییەوە دەدی؟
چ بوو؟ بۆچی رادەچەنیت؟
لە حیلەی ئەسپی خەمی من؟
لە ئاورینگی قەڵەمی من؟
لە هەڵبوون و کوژانەوەم؟
لە فڕین و
نیشتنەوەی بێ بڕانەوەم؟
چ بوو ، گیانە؟

له خەونتدا کچێکی دیم لە گەڵدا بوو؟
یا بۆ وڵات
بارگەوبنەی خۆم تێکنابوو؟

من لە خەمی تۆ ناترسم!
من دەزانم،
خەمەکانت
وردن، قشتن، ژیکەڵانەن...
من دەزانم، خەمەکانت
وەکوو خەمی هیچ کەسێک نین:
دەنکە مرواری و زەنگیانەن!
دە چاوەکەم!
دیسان گیانم تژی کەوە
لە منالی و تاسەی یاری . . .
پرێسکەکەت بکەرەوە،
بۆم هەڵرێژە
دەنکە زەنگیانە و مرواری!

زستانی ١٩٧٩ مۆسکۆ

## شێتی

دەزانم تۆ وشەیەکی.
بەڵام زۆر جار بۆ وشەیەک،
هۆنراوەیەکم کوشتووە!
دەزانم تۆ خونچەیەکی.
بەڵام زۆر جار بۆ خونچەیەک
گوڵجارێکم جێهێشتووە!

تشرینی دووەمی ١٩٧٩ مۆسکۆ

## ئيديا

چەند رۆژێکە
ئیدیای شیعرێ،
وەک مەلێکی سپی تیژباڵ،
لێم ناگەڕێ و لێم ناگەڕێ.
هەرچەند خۆمی لێ ون دەکەم،
لە پڕێکا
هەوری بیرم دەقڵیشێنێ و تێدەپەرێ.
هەدا نادەم!
نازانم کەی
ئەو باڵندە کێویلەیە هەڵدەنیشێ؟
کەی رام دەبێ؟ کەی لێم رادێ؟
دەڵێی ژنە!
دوای دەکەوم ـ بۆم ناگیرێ.
دەکشێمەوە ـ بە دوامدا دێ.

٢٩/١/١٩٨٠ بوداپێست

کتێبخانەی ئاڵای کەیچیاوەری نیە

## تا نیوەی ڕێگە هاتووین

تا نیوەی ڕێگە هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە ؟
تازە بۆ کوێ ؟ بۆ دواوە؟!
دەتەماشای دواوەکەن
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە؟!

ها گوللــە لێی بپرسن ،
پاش ئەوەی ئاگر دەدرێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە ؟
ها وشە ، لێی بپرسن ،
کاتێ لە دەم هەڵدەفڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە ؟

ئەرشیفی عەبدوڵلای حاجی

ها جۆگه، لێی بپرسن،
که بەرەو چەم ڕێ دەبڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە ؟

تا نیوەی ڕێگه هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە ؟
تازە بۆ کوێ ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە؟!

## بۆ قەرەجێک

(١)

بەس تەماشای ناو لەپم کە!
خۆ من نامەوێ پێم بڵێی
دەبم بە باوکی چەند مناڵ،
زەنگین دەبم یا هەر وا لات
تەنیا شتێکم پێ بڵێ:
هەتا مردن وەک تۆ دەژیم
یا خۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!

٢٥/٢/١٩٨٠ - مۆسکۆ

(٢)

ئاسمانی تۆ ـ بەرپێی خۆتە
سەرت شۆڕکە
ملت کەچ کە،
چاو مەگێڕە
بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا!
ئەوەی بستێک خاکی نەبێ
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟!

٨٨/١/١٩٨٢ - پۆتسدام

(٣)

مەراق مەخۆ
سەغڵەت مەبە، من بۆ تۆمە.
بەری دەستم کەس تێی ناگا،
نهێنییەکەی هەر لای خۆمە.
ناو لەپ نییە!
نەخشەیەکی پڕ نەوال و چیا و چۆمە.

٢٩/٢/١٩٩٢ ـ مۆسکۆ

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## نهێنی

خانمۆڵەکەم!
دە پێم بڵێ:
لە کوێ فێر بووی
هۆنراوە بکەیتە پەخشان؟
لە کوێ فێر بووی
دەریای یاخی
ئارام بکەی وەکوو ئاسمان؟
خۆ تۆ شلکەنەمامێکی، گیانی گیانان،
چۆن دەتوانی
سندم لە پێی گڕکان بکەی؟
چۆن دەتوانی
لغاو بکەی دەمی زریان؟
چۆن بە ساتێک
ئاوا ژینم دەڕەنگێنی،
بە ساتێکیش
بەستەڵەکی تیا دەکەیتە سەرچۆپیکێش؟
چۆن بە ساتێک
وەکوو ئاگر هەڵمدەکەی،
بە ساتێکیش ئاوا دەمکەی بە خۆڵەمێش؟

١٩٨٠/٣/١٥ مۆسکۆ

## ئیمە درختی...

ئیمە درختی زڕ و بێبەر نین،
تا لە چوارلاوە بمانبڕنەوە.
ئێمە تووتن نین،
چەرچی و بازرگان
بمانفرۆشن و بمانکڕنەوە.
ئێمە بە هەنیەی دنیاوە تف نین،
بە سووکە دەستێک بمانسڕنەوە!
ئەو دڵە پاکەی
گوانە نەوتێکی داگیرکەرانە ـ
سبەی، ملیۆنان رمی باڵدارە.
ئەو نیشتمانەی

بەر دەبازێکی بەرپێی هەمووانە ـ
سبەی، ملیۆنان سەنگەری سوارە.

هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!
لە هەستاندا ئێوە یەکن:
یەک بیر،
یەک ڕێ،
یەک مەبەستن.
هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!
لە هەستاندا ئێوە زۆرن:
چل ملیۆن چاو،
چل ملیۆن قاچ،
چل ملیۆن مەچەک و دەستن.
هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!

٢٢/٤/١٩٨٠ مۆسکو/ وارشۆ

کەس نالی ایلیتلاتەوەی نیە

## نزا

بیستومه ، دەڵێن:
خۆر ، وەک مەلێکی پەڕوباڵ زێڕین ،
ناو لەپی مەزدەی کردۆتە لانە.
تا ئەم نەبزوێ ،
خۆر لە جێگەی خۆی نا جووڵێتەوە.
ئاهوورەمەزدە!
زۆر نا ، هەر جارێک ،
هەوارگەکەی خۆت وەبیر بێتەوە ـ
تەکانێک بدە ،
دەستێک ببزێوە ،
بەڵکوو تیرێژێک بیگرێتەوە.

٢٦/٤/١٩٨٠ پۆڵۆنیا/ ئەپۆلی

## بۆ ڕۆژە

کاتێ من وەکوو
پاساریەکی ڕاوکراوی تۆ ،
لەرزەلەرزم بوو
لە بەر بارانی شینی چاوی تۆ ،
لە دەنگی تۆدا
بە ئاستەم زەنگی کڵێسە لێیدا:
«کوردم خۆشدەوێ...
کورد جەنگاوەرە...»
سا تۆ خوا وەرە!
خۆ من کوردم و تا سەر هێسک کورد...
بۆیە، ببورە گەر لێت بپرسم:
پێم ناڵێی، بۆچی
هێندە لە ژوانی
بارانی شینی چاوت دەترسم؟!

٩/٥/١٩٨٠ پۆتسدام

کتێبخانەی کوردستان

## تەنیایی

ئەم دنیایە لە هوندوڕی جەنگەڵ دەکا
شێی نەفەسبڕ
ڕەگی بوونم گەندەڵ دەکا ،

بگرە و بەردەی نابڕێتەوە،
هەر تەنیایی
چرای هزر و خۆبینینم بۆ هەڵدەکا
بەڵام بریا ، خاتوونەکەم،
تۆ دەتزانی ،
هەندێ شەوان
تەنیایی چیم لەگەڵ دەکا!

دێ ، دەتەنێ دەشتی ڕۆحم بە هۆبەی خەم ،
بەهاریش بێ ،

شینکەم نوقمی خەزەڵ دەکا

هەر ئەو دەمبا بۆ خەڵوەتگە،
هەر ئەویش دێ،
لە پڕێکا میحرابەکەم چەپەڵ دەکا

وات چەش کردووم بە تام و بۆی سفرەی لەشت،
جارجار نەفسم لە گورگێکی زیتەڵ دەکا

تا بەیانی دەلوورێنێ و مانگ راو دەنێ
ئەلهای کەزی و شلکەی ڕان و کەفەڵ دەکا
پەریی شێعر،
ـ ئەوەی کچی تەنیاییمە ـ
تۆم لا نەبێ، لە تارمایی و کۆتەڵ دەکا

هەر ئیکسیری باوەشی تۆ
هەر دوو بەهەشت،
گۆشەگیری و گەرمیی بەدەن، تێکەل دەکا

گوناهت کرد کە نەهاتی،
تووڕەش نابم ـ
کچ نەمامە و پێش گرگرتن دووکەڵ دەکا!

١٠/٥/١٩٨٠ پۆتسدام

## دەفتەری سوور

وڵاتانی تێری جیهان
دەفتەرێکی سووریان هەیە،
بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی
کە گۆشتیان قەدەغەیە.

تکادەکەم لە یۆنیسکۆ،
لە دەفتەرە سوورەکەیدا
ناوی منیش تۆمار بکا.
لە راوکەر و بازرگان
کەوڵ و پێستم رزگار بکا.

ئەمن چبکەم!
نە خزۆکم ـ خشپەیەک هات ـ

بۆ زەندۆڵێک تێتەقێنم،
وەک با تەی کەم
خەرەند و هەڵدێر و تەڵان.
نە دەعباشم،
بە کەڵبە بێچوو هەڵگرم.
کونە شاخێک بکەم بە لان.

ئەمن چبکەم!
نە باڵندەم، عەرد دەرم کا،
دەرکەی ئاسمان ڤەکەم بە باڵ.
نە ماسیشم ــ گەرداو هەڵکا ــ
ناخی دەریا پەنام بدا و
پەی پێم نەبا چاوی خەیاڵ...
من هەم و نیم دووپێیەکم،
کەچی ئەوا زەردەواڵەی دووپێ دەمخۆن،
تێم ئاڵاون
لە راست و چەپ، لە خوار و ژوور،
سەرتاپام هەمووی برینە،
پەنام بدە،
دەخیلت بم، دەفتەری سوور!

٢/٦/١٩٨٠ مۆسکۆ

## دوێنێ و ئەمڕۆ

دوێنێ ویستم
بێمە بەردەمت ، چۆک دادەم.
پەردە لەسەر چاوی شینی ئەوین لادەم.
نەفسی بەرزم ڕێگەی نەدام ،
ترسام بڵێی:
«ئارام بگرە... هێشتا زووە...»
کەچی ، ئەمڕۆ
لە کاتێکدا تۆ خۆت هاتووی،
کژ گۆڕاوە ،
قاز و قورینگ
قەتارەیان بۆ لایەکیتر بەستووە.
دڵی منیش ،
رووەو عەرشی شۆخێکیتر ،
سەری ماندووی داخستووە!

٢١/٦/١٩٨٠ مۆسکۆ

کتێبخانەی پەیوەندی

## بێدەنگی

کە من کڕ دەبم ، تۆ مەمدوێنە
تا مێوەی داری سەرم پێ نەگا
چڵی زمانم رامەوەشێنە!
* * *
هەر من بێ دەنگ نیم!
تو سەرنج بدە،
کە رەوەزی چیا
سنگ دەداتە بەر قامچیی برووسکە
چەند کڕ و کپە !
کە چەکەرەی گیا
پەل دەهاوێژێ رووەو تروسکە
چەن کڕ و کپە!
* * *
کە من کڕ و بێ دەنگ دەبم
وا تێنەگەی بارسووکەڵە و دەستبە تاڵم؛

**بروا بکە،**
**وەک پلوورەی هەنگە سەرم**
**هێند سەرقاڵم!**

**هێندە باسی نیشتمانی خۆم بۆ کردی**
**هەتا گیانت**
**لێوانلێو بووبە ئەڤینی.**
**بە ئاواتی جارێک بچی،**
**چاو بڕێژی بە شار و دێی،**
**دەستێک بدەی لە برینی؟**
**کە من کپ بووم**
**کپیم زین کە**
**تەماشام کەو زەنگۆ لێدە:**
**نیشتمانم خڕ دەبینی!**

٥/٨/١٩٨٠ ـ پۆتسدام

## خۆکوشتن

من بە خوێنی خۆم شیعر گۆش دەکەم،
گەرچی دەزانم گیانکێشم ئەوە؛
شەو لە تویێی خۆیدا گزنگ هەڵدەگرێ،
گەرچی دەزانێ
یەکەم تیری رۆژ بۆ جەرگی شەوە!

١٨/٨/١٩٨٠ پۆتسدام

کتێب ماڵی کوردستانی عێراقییە

## خوو

هەموو رۆژێ، سبەینان زوو،
دڵێژگەی خۆم تژی دەکەم
لە تیشکی رۆژ،
لە پێڵی سووری کارەبا.
وەک نامەیەک دەیپێچم و دەیدەمە با.
با ــ سەرپشکە،
لێی ناپرسم بۆ کێی دەبا!

١٨/٨/١٩٨٠ پۆتسدام

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## لە ڕۆما

چەند بەخشەندە و دلۆڤانی!
لە سایەی تۆ
سەرم لێوانلێوی ژنە.
ئەوەی ژنی ئەم شارەیە ـ
هەڵبژاردەی دڵی منە.
ئازیزەکەم!
تۆ ئادگاری خۆت بەخشیوە بە هەموویان:
ڕەوت و ڕامان،
ئاخافتن و تریفەی بۆن ـ
لە هەر کوێ بن،
تۆیان تێدا دەخوێنمەوە و هەموو هی تۆن!

لەم شارەدا،
ڕوو دەکەمە هەر کونجێک ـ تۆی.
لای جامخانەی هەر کۆگایەک،
لە هەیوانی هەر تەلارێک،

ئەم بەرهەمە لە پێگەی ئینتەرنێتی یەکێتی نووسەرانی کورد بڵاوکراوەتەوە

لە بەر دەرگەی هەر زنجێک ـ تۆی.

لەم شارەدا،
هەر لێویٚ لێوێک رامووسیٚ ـ
رامووسانی من و تۆیە.
هەر دەستیٚ بکرێتە گەردن ـ
دەستەملانی من و تۆیە.

ئەنگۆرەیە.
ئەوا دوو دوو، لێرە و لەویٚ،
ئەویندارانی
دەخزێنە بن باڵی یەکتر،
بە سرتە گفتوگۆ دەکەن.
من بیٚ ئەوەی نێزیکیان بم
سوور دەزانم
کە باسی من و تۆ دەکەن.

چەند بەخشندە و دلۆڤانی!
وا لە سایەت،
لەم شارە دوور و نامۆیە،
سەرم لێوانلێوی ژنە،
سەرم لێوانلێوی تۆیە!

٢٤/١٠/١٩٨٠ رۆما

## چەند دەترسم

چەند دەترسم
کە دێمەوە،
هەواڵێکی تاڵت پێ بێ.
چەند دەترسم،
کە باوەشت پێدا دەکەم،
بۆنی نامۆیەکت لێ بێ.
چەند دەترسم،
کە دێمەوە،
گرامەری زمانی چاو،
رێنووسی هێمات گۆڕابێ.
چەند دەترسم،
پلەی گەرمیی پەنجەکانت
وەک بە جێم هێشت وا نەمابێ.
لە مەش زێتر،
چەند دەترسم، کەسم! هاوڕێم!
کەدێمەوە،
تۆ وەک خۆت بیت، من بگۆڕێم!

٢٨/١٠/١٩٨٠ ڤیەننا

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کەلتووری

## جودایی

هەموو شەوێک،
کە باڵینێک
سەرمان، وەک دوو قوتبی زەوی،
بۆ سەر خوانی خەم بانگ دەکا؛
جودایی دێ،
وەک خەنجەرێک رادەکشێت و
بریسکەی دێ لە نێوانا...
خەوم دەزڕێ
چاوی بێداری تێدەبڕم،
جا نازانم،
تۆش وەک من دیبینی، یا نا!

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

⚐ ⚐ ⚐

هەموو شەوێک،
کە باڵینێک
سەرمان، وەک دوو قوتبی زەوی،
بۆ سەر خوانی خەم بانگ دەکا؛
دڵم، وەک گۆ، هەڵدەکورمێ
لە بەردەمی قاشۆی مردن ـ
دەترسم، من پێش تۆ بمرم،
شێت دەبم، تۆ بمری پێش من!

٧/١٢/١٩٨٠ مۆسکۆ

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## بۆ شڤان[*]

ئەی نێرە هەڵۆی رەوەزان!
ئەی کەڵە کێوییەکەی باکوور!
ئەی سێدارەی بەژن بڵند!
ئەی نیشانەی مەرگی سنوور!
بێ دەنگ مەبە، بچریکێنە...
ئاسمانی بە تریاک نوستوو
راچڵە کێنە.
بێدەنگ مەبە.
دەنگت: ئەلبۆمی دەنگانە.

کەس ماوی لێدابڵاوەوەی نیە

[*] شڤان پەروەر، گۆرانیبێژی گەورەی کورد.

دەنگت: پەلکە زێڕینەیە،
جێی زەماوەندی ڕەنگانە
دەنگت:
سروەی بایە،
سرتەی ژوانە،
بوومە لەرزەیە، بورکانە.
دەنگت:
نێسکە نێسکی
هەسپێکی خورتی کەوێتە،
نێڵەنێڵی ئاگردانی قەرەجانە.
دەنگت :
ترپەترپی
بەئاستەمی خوناوکەیە،
گرمەی هەورە،
رمبەی هەرەسی شاخانە.
دەنگت:
کەروێشکەی گەنمی قەراجە.
هاڕە و نەعرەی
پڵنگێکی برینداری دوورە لانە

بێدەنگ مەبە!
دەنگت: باڵی سیمرخێکە
هەموو رۆژێک

کۆمەڵێ لە چاپکراوەکانی پێنە

دڵی تەنگم
بە سەر دوندی چیا دەخا.
لە بەر پێمدا
پێدەشتی ئومێد رادەخا.
بێ دەنگ مەبە!
کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت،
کە هەمەر دوور پێم دەچەسپێنم
لە سەر زنارێکیئەوێ؛
نە رەشەبا دەمبزوێنێ،
نە کرێوە و تۆفی شەوێ
ماڵنووستنان
هەر دوو باڵم دەکەمەوە،
لە چوار لاوە زام بانگ دەکەم،
بێ بسرەوێ.
سبەینانیش
پێش هەموو کەس
گوێم لە هەناسەی تەم دەبێ،
تیشکی رۆژم پێ دەکەوێ!
ئەی کەڵە کێوییەکەی باکوور!
بێ دەنگ مەبە، بچریکێنە
ئاسمانی بەتریاکنووستوو
راچڵەکێنە
کە دێمە سەر لوتکەی دەنگت ـ

هەر پەڵە هەورێک لەبەر کەم،
زرێیەکی پڕ بە بەرە،
هەر گزنگێک رمی دەستە،
هەر دەوەنێک بۆم سوپەرە؛
هەر زنارێک ئەسپی شێیە
وەک برووسکە لە سەر پێیە،
لە نیشتمانی لەتلەتما
دارێک بدزن
بەردێک بدزن
جێم بڵندە و ئاگام لێیە!

١٨/١٢/١٩٨٠ مۆسکۆ

کەس مافی لەچاپدانەوەی نییە

**مەزاد**

**کێ کڕیارە؟**
**هەرچیم هەیە،**
**هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم.**
**کێ کڕیارە؟**
**دەی... وەرنە پێش!**
**فەرموون: ئەمە کاڵانەی چاو،**
**بڕبڕەی پشت و کاسە سەر**
**کڵاوی کەریم خانی زەند**
**شیر و زرێی سەلاحەددین**
**مێژوو لینگەو قووچی بێبەر،**
**یەکە یەکە**
**بەندەکانی پەیمانی مۆڕفینی سێڤەر**[*]

[*] پەیمانی سیڤەری سالی ١٩٢٠ کە چەند بەندێکی باسیان لە پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد.

ددانەکانی نیاندرتاڵی
پیرە ئەشکەوتی شانەدەر !
کێ کڕیارە؟
هەرچیم هەیە
هەمووی تاڵان فرۆش دەکەم.

مەزاد... مەزاد!
هەرچیم هەیە، هەمووی مەزاد!
بە پارچەیەک پەڕۆی سادە
کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە
لەسەر بستێک زەوی ئازاد!
مەزاد... مەزاد...
هەرچیم هەیە هەمووی مەزاد !

١٩/١٢/١٩٨٠ ـ مۆسکۆ

کەس ماڵی لە چاپدانەوەی نیە

## کڕێوە

کڕێوە بوو ، دنیا بولێڵ...
لەپم کردە
لانەی کلوە بەفرێکی وێڵ.
وەک ئاشقێک ، تا توایەوە تێمڕوانی.
کە بوو بە ئاو ، ناسیمەوە:
لە کوردستان
دڵۆپێک بوو... لە ناو کانی!

١٢/١/١٩٨١ ـ مۆسکۆ

کەس ماڤی لەچاپدانەوەی نیە

## دوا وانە

منداڵەکان!
ئەی بێلانە ژینتاڵەکان!
بووکەشووشەی بەختیاریتان
لە تاقچکەی
ئەشکەوتێکی دووردەستایە ـ
نایگەنێ، تا ملیۆنان سەر
نەبن بە رێبواری بیرێ.
ئەشکەوتەوان:
ئەژدیهایەکی چوارسەرە و بەرزەفت نابێ،
تا ملیۆنان دەست نەبنە گەو بۆ زنجیرێ!

کانوونی دووەمی ١٩٨١ پۆتسدام

## ڕامانێک

هاوڕێم!
دوێنێ دەمەو ئێوارە بوو،
تا بڵێی بیری تۆم دەکرد
کز دانیشتبووم
سەیری زەردەی ئاسۆم دەکرد
تۆ دەزانی
چۆن هەتاوم هاتە بەرچاو؟
وەک کیژێکی
کەزی زەردی گەردن بڕاو!
هەر ئەو ساتە
بڕیارم دا
زمانی خۆم بسووتێنم
هەتا ماوم
تۆ بە هەتاو نەشوبهێنم.

١٩٨١/٢/١٨ - پۆتسدام

کوردستانی پێچڕانەوەی نیە

## لە (هاینێ)یەوە[*]

رۆژێک تۆ رێزی گەرمیی پیاو دەگری،
کە پەژمردە بوو تەمەنی گوڵت!
کە بەفری دڵت نیشتە سەر کوڵم و
ئاگری کوڵمیش بەربووە دڵت!

شوباتی ١٩٨١ پۆتسدام

---

[*] هێنریخ هاینێ، (١٧٩٧ – ١٨٥٦) شاعیرێکی ئەڵمانە.

## چاوچنۆکی

بەزەییت پێمدا نێتەوە!
لە هەرچیدا بەدبەخت بم،
لە ئافرەتا بەختم کۆکە.
من شایانی بەزەیی نیم ـ
خوا دەزانێ بەدەنتێرم،
چبکەم، گیانم چاوچنۆکە!

شوباتی ١٩٨١ پۆتسدام

## داگیرسان

که سەیرت دەکەم ،
هەر دوو گلێنەم
دەبنە کانیلەی سایەی کەپری مێو.
که ماچت دەکەم ــ
وەکوو دلۆپێک خوناوی شاخان
دەتکێیتە سەر لێو
که به ئاستەمیش قامکم دەتگاتیٚ:
دەبم به زەلێک ،
دەمهێنیٚ و دەمبا
وردە شەپۆلی تەزووی رۆحئەنگێو!

١٤/٤/١٩٨١ مۆسکۆ

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی

## ژوان

هاوڕێم!
تۆ پێم نالێی
کێ نهێنی ئەو ژوانەی درکاندووە؟
چ دەستێک بەم نیوە شەوە
بنەشەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟
لەو ساتەوە کە تۆ هاتووی
تریفەی مانگ ـ بە پێدزە دێتە ژووری.
سروە ـ پەردەی پەنجەرەکەم دەلەرێنێ
گەڵا، دەچێتە تەک گەڵاو
ڕازی ژوانی ئەم شەوەمان دەچرپێنێ.

هاوڕێم!
تۆ پێم نالێی
کێ نهێنی ئەو ژوانەی درکاندووە !؟
چ دەستێک بەم نیوە شەوە
بنە شەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە !؟

کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی

## رووبار

هەرچەند من و تۆ ئاوێتەین
وەک خاک و خۆڵی یەک زەوی،
بەڵام چبکەم!
تاوێک نییە نیشتمانم، وەکوو رووبار،
بەسەرماندا رانەبووری و
لەتمان نەکا وەک دوو کەنار!

١٩٨١/٧/١٧ مۆسکۆ

## سەدان ساڵە

سەدان ساڵە
لە وێرانە ماڵی خۆمدا
کتکە کۆرەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.
سەدان ساڵە
حەوش و بەرەی خۆم واڵایەو
لەبەر دەرگەی دزانی خوم پاسەوانم

سەدان ساڵە
رۆژێک دەبم
بە مەیتەری والی بەغدا؛
رۆژێک لە تاران کوتاڵم
رۆژیک لیفکەم
گەڵی ژنی سولتان دەشۆم؛
رۆژێک گەسکم ، شام دەماڵم!

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی

سەدان ساڵە
وەکوو چنگێک دانەوێڵە
ئاشی مێژوو ، فڕێی داوم
هەر چوار دەورم شارۆچکەیە و
مێروولە دەمیان تێ ناوم

سەدان ساڵە
کاسە سەرم ـ منارەیە ،
کێ بێ ، دەنگی تیا هەڵدەبڕێ

سەدان ساڵە
نیشتمانم ، نێرگەلەیە ،
کێ بێ ، بە دەمیەوەی دەگرێ.

سەدان ساڵە
لەبەر دەرگەی تەکیەی جیهان
جووتێک سۆلی پینەپینەم ،
کێ لە پێم کا ، بۆ ئەو دەشێم
سەدان ساڵە
دوای تلێشێک ، فڕێ دەدرێم.
سەدان ساڵە
دوای پینەیەک لەپێ دەکرێم.

من پشتێکی بریندارم،
له قامچیی خۆم راپەڕیوم.
من لافاوێکی لاسارم،
لەو کەنارانه هەڵساوم
که تەنگیان پێ هەڵچنیوم.
نانیشمەوه.
نانوومەوه.
بێئارامم.
ئارامی من، چرایەک بوو،
رەشەبای دەورم خوێنی رشت؛
بێبەزەییم
بەزەیی من ـ زەریایەک بوو،
بینیان پێوه ناو هەڵیان مشت!
نانیشمەوه.
نانوومەوه.
که من دان بم، کوا دەرفەت؟!
یا من یا مێروو!
که من خوێن بم،
کوا دەرفەت؟!
یا من یا زێروو!
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
دان و مێروو برای یەکن.

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
خوێن و زێروو برای یەکن.
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
ماسی و چەنگاڵ،
مشک و جەواڵ
دەست و چزوو برای یەکن.
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
پەت و گەردن،
گوێزان و موو برای یەکن.
وەرن خەڵکە!
لە نێچیر و زام بپرسن،
بڵێن توخوا
خەنجەر هەیە زام تیمار کا؟!
راوچی هەیە نێچیر نەخوا؟!
دە خەڵکە لە کا بپرسن،
قەت ئاگری ساردی دیوە؟!
لە هێلانەی مەل بپرسن،
بە نیازی ماچ...
مارقەت دەمی تێژەنیوە؟!
دە لە داربەڕوو بپرسن،
تەوری دیوە داربڕ نەبێ؟!
دە لە کەرێکیش بپرسن،
گورگی دیوە کەردڕ نەبێ؟!

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
ماری شیرین ژاریش هەیە
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
تەوری برای داریش هەیە

من پشتێکی بریندارم،
لە قامچیی خۆم ڕاپەڕیوم.
من لافاوێکی لاسارم،
لەو کەنارانە هەڵساوم،
کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم.
نانیشمەوە
نانوومەوە
بێ ئارامم،
ئارامی من چرایەک بوو،
ڕشەبای دەورم خوێنی ڕشت
بێ بەزەییم،
بەزەیی من زەریایەک بوو،
بینیان پێوە نا و هەڵیانمشت!

١٩٨١/٩/٢ ـ پۆتسدام ـ بەرلین

## هەڵۆ و درەخت[*]

هەندێ جاران، تۆ دەتەوێ
ببیتە گیا و دەوەن و دار.
لە کوێ ڕوای،
لەوێ رەگت بچێتە خوار.
هەندێ جاریش،
تۆ دەتەوێ هەڵۆیەک بی،
تا چاو هەتەر دەکا بفڕی،
لە بەرزایی ئاسمانەوە،
سەرنجی دەشت و دەریا دەی.

---

[*] پاڵەوانی ئەم هۆنراوەیە مرۆڤی چاخەکانی ئایندەیە ... جەمسەری بەهایە نەتەوەیی و ئینسانییەکانە ـ کەسێکی وەک ئیسماعیل بێشکچییە

**کام شاخ دوورە...**
**کام دوند بەرزە...**
**بە بای شاپەڕ گەردی لادەی.**
**من دەمەوێ ببم بە تۆ:**
**رەگم رەگی درەختان بێ،**
**بەرزیش بفڕم وەکوو هەڵۆ.**

کانوونی دوهەمی ١٩٨٢ - پۆتسدام

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## ترس

بەفر تا جێی بڵندتر بێ
پتر لە هەتاو دەترسێ
ژن تا شۆخ و دەلالتر بێ
گەشتر چرای ترسی پیری
لە نیگایدا دادەگیرسێ

لەم جیهانە
هەرکەس لە شتێک تۆقیوە
کوندەبۆ ـ لە ئاوەدانی
دز ـ لە سەگ و کۆکەی بێدار.
کەر ـ لە هەوراز
دیوار ـ لە سینگ
دار ـ لە بزمار
کەڵەکێوی ـ لە خڕەی بەرد، لەخشپەی دار.

کۆمەڵەی لەچاپدانەوەی پێنە

منیش زراوم رژاوه
دەترسم لە سەرەمەرگا
سییەکانم بزریکێنن
بۆ تۆسقالێک هەوای وڵات
دەترسم بمنێنه خاکێک
نه من ئاشنای بۆنی ئەوبم
نه زمانم، ئەوتێی بگات!

١٥/١/١٩٨٢ - پۆتسدام

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## نامۆ

نیوەشەوە.
کزەبایەکی ساردی دێ.
تەنیام، ناشنام،
وەک سمۆرە سرکە نیگام ـ
بە ماڵاندا هەڵدەگەڕێ....
هەڵپە دەکا
بۆ نەوایێ، چرایەکی تیا بسووتێ،
بۆ پەنایێ، ئاگرێکی تیا بگرێ.
دۆزییەوە!
پەنجەرەیەک... وا لەولاوە...
وەک دوگمەیەک،
بە بەرۆکی
قەشەی شەوەوە دراوە!

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی

لەو دیو پەردەی تەنکی سپی،
تاپۆیەکی شلک و زراڤ
لەپڕ هات و خێرا ون بوو.
چی بوو؟ کێ بوو؟
گرنگ نییە؟
لە بەر چاوی خەیاڵی من
باڵای بەدەوترین ژن بوو.
چ بیناسم، چ نەیناسم،
نزیکترین کەسی من بوو!

١٢/١/١٩٨٢ پۆتسدام

کراس ماڤی لەچاپدانەوەی نیە

## حەسرەت

سەد مخابن!
ئەو ئازیزانەی رۆژگارێک
بژوێنی حەسانەوەم بوون،
ئەوانەی شەکرە مێوانی
دڵی مەردەم کراوەم بوون
هەنووکانە
یا نەماون لە یادمدا،
یا ماوێکی کاڵ و ماتن.
کەچی... ئێستاش
هەر چاوەڕێی ئەو ئاسکانەم
کە بەڵێنیاندا و نەهاتن!

٢٥/٤/١٩٨٢ مۆسکۆ

ئەم دیوانە لەچاپدانەوەی نییە

## پێڵاو

جووتێک پێڵاوی رەشم لە پێیە:
پینەدار، هەرزان، گەمار، سووک، گڵاو،
هەزار جار ئەم پێ و ئەو پێ . . . پێ کراو!
چەند جاری کەوا سەرنجیان دەدەم،
بە دەست خۆم نییە، لموزی پێڵاو
قەپۆزی هەندێ
سەر کردەی کوردم دێنێتە بەر چاو!

١/٥/١٩٨٢ مۆسکۆ

## مردن

ئەوەی دنیا جێدێڵێ
سوارە و ئەسپ تاو دەدا،
زینە جێگەی مردنی؛
ڕەتبردن و گلانی
چۆن بوو، هەروا دەمێنێ
لە لای دۆست و دوژمنی.

مردن! مادام تۆ هەر دێی،
ڕۆژێکی ئاوا وەرە،
خۆم بۆ لات بەڕێوە بم.

ڕۆژێکی ئاوا وەرە،
گڕم دانەمرکابێ،
سەربەرز و بەپێوە بم!

١٩٨٢/٥/٧ مۆسکۆ

ئەم ماڵپەڕە مافی لە چاپدانەوەی نییە

## گەنجی و پیری

هەر چەند دەکەم گەنجی و پیری
لە یەک جودا ناکەمەوە.
من هەر دووکیان دەپەرستم!
بەیانیان رووەو شەفەق،
ئێوارانیش رووە زەردە،
سەرسام و ملکەچ دەوەستم!

١٥/٥/١٩٨٢ ـ مۆسکۆ

کەس ماڤی لەچاپدانەوەی نیە

## شاکار

هەڵبەستم زۆرن
هەندێکیان ــ شارن
هەندێکیان ــ گوندن
هەندێک ــ تەلارن
هەندێک ــ خانیلەی تەپیوو نەوی؛
بەڵام ئەوانەی بۆ تۆم نووسیون،
دەبن بە شاکار
بە ڕووناکترین پایتەختی زەوی!

حوزەیرانی ١٩٨٢ ـ لەندەن

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

## شادی

شادی زەوی وەکوو خۆرە،
تاوێک دیارە، تاوێک بزر.
ئەلها دەکەم بچمە ئاسمان
تاکوو لەوێ ببم بە رێگر.
شادییەکەت بۆ داگیرکەم
نە خەم بگاتە کەناری،
نە ژاکان بەڵایدا رەت بێ
شادییەک بێ،
لە ئاسمانان هەر ئەستێرە،
لە سەر زەویش ـ هەر تۆ هەت بێ!

مۆسکۆ ١٩٨٢/٩/٢٥

## لەتبوون

لە چاوی تۆدا ـ جەنگەی بەهارە.
لە چاوی مندا ـ چلەی زستانە
لە زاری تۆدا ـ خۆشی لێوڕێژە.
لە زاری مندا ـ خەم تا چۆکانە.
نیوەم لەتەک تۆ
وەکوو خۆڵەمێش سڕ و مردووە.
نیوەکەی ترم
لای شۆخێکی دی گڕی گرتووە.

٢٠/١٢/١٩٨٢ بەرلین

# پیاو

لە دنیادا،
چ کانیاوێ زوڵاڵترە لە دەنگی تۆ؟
کێ زمانی رۆح دەزانێ،
وەکوو چاوی سەدرەنگی تۆ؟
لەم شارەدا،
گەردنکێل و
گوڵبەژنێکی وەک تۆ کوانێ؟
کێ وەکوو تۆ،
رۆژێ سەد جار،
لە داوێنرا هەتا قوللە،
بە خەممدا هەڵدەڕوانێ؟

چییە دیسان
ئەو مووچڕکە کارەباییەی
لە سەراپای بەدەنمدا هاتو چۆ دەکا!
چییە دیسان

ئەو گورگە برسی و بێشەرمەی
لە هوندورپما دەلوورێنێ و ملۆمۆ دەکا!

چییە دیسان
چنگی نیگای پەردەدڕم
مەمکبەندی شەقامەکان دادەماڵێ؛
قامچیی برووسکەی خەیاڵم،
کەمەر کەمەر،
بەلەک بەلەک،
لەم شل دەبێ و لەو دەئاڵێ!

چییە دیسان...
چییە دیسان...
بۆچی چاوم قەت تێر نابێ؟
بۆ تەنیا ئەشقی تۆ نابم؟
لەبەر ئەوەی،
تۆ هەمیشە لە بەردەمما
بێدەنگ دەسووتێی وەکوو مۆم؟
بۆ هەر بە تۆ قنیات ناکەم؟
لەبەر ئەوەی،
بووی بە کۆیلەی دەستەمۆی خۆم؟

١٩٨٢/١٢/٢٦ بەرلین

کۆمەڵەی کەمپیوتەری ڕێنە

## لە باخێکدا

پیاوێک سەری بە شانی
شۆڕەژنێک کردووە ـ
زارۆیەکی ئارامە و
لە بێشکەدا نووستووە!
خۆزگەم بە خۆی!
من وەک ئەو نیم، بۆیە چاوم پێی هەڵنایێ ـ
من چەند جاری سەر بە شانی ژنێک دەکەم،
لەبەر سرتەی ژنانی دی خەوم نایێ!

١٩٨٣/٣/٣ مۆسکۆ

## کەڵکەڵە

ئەمشەو مەستم.
ئەمشەو گێژم.
ئەمشەو کاسم؛
لەسەر تەختی سەری یاخیم
ژنێک تاجی لە سەر ناوە... کە نایناسم!

٨و١٩٨٣/٤/٧ مۆسکۆ

## تا چرای ئێمە نەسووتێ

(ئەو گەلەی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوە خۆی ناحەسێتەوە) بیرمەندێک

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان.
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەرکۆت و نیر ،
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان !

قڕمان دەکەن
قوڕتان بەسەر!
گەر بشمرین
تەنیا دیلی دەدۆڕێنین؛
چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟
گەر بشمرین
هەرسەر کەوتووین

ئەم کتێبە لە پەڕتووکخانەی ئەلیکترۆنی داگیراوە... (watermark)

کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟

قرمان دەکەن؟
قوڕتان بەسەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ.
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ.
گەر هیچ نەبێ
دەبینە خاڵۆزەی بێستان،
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان.
دەبینە لم،
دەچینە ناو پارووی نانتان.
دەبینە مار،
پەپکە دەخۆین لە ناو نوێنتان.
دەبینە شێرپەنجە و میکرۆب،
گەرا دەخەین لە ناو خوێنتان!

دەبینە کوان،
هەر دەمەو لە جێیەک دەردێین.
دەبینە ژان،
لە سەد لاوە تێتان وەردێین.

دەبینە زێرووی هەزار پێ
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان.
دەبینە تامیسکەی سەر لێو
باپشکێوی سەر پێڵووتان.

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ.
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ.
گەر هیچ نەبێ
شەوان دەبین بە تارمایی و مێردەزمە،
وەکوو گەڵا دادەوەرین.
بەیانییان
دەبینە رووبەندی ئاسۆ
بەری گزنگی خۆر دەگرین
قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
شایی بکەن ـ

دەیکەین بە شین.
پرسە دانێن ــ
کاستان دەکەین بە پێکەنین!
دەبینە لەکەی زمان و
تانەی سەرچاو
دەبینە مووی ناوخۆراک و
خلتی ناو ئاو.

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز رووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان!

٢/٧/١٩٨٣ ـ مۆسکۆ

## ئێشک گرتن

ئەمشەویش، وەک شەوانی دی،
کارمامزی سرکی خەوم
لانەی چاوی بەجێ هێشتووم.
بەختیاریی تۆ گەنجینەیە،
نەک بیدزن،
وا بەدیاریەوە دانیشتووم!

١١و١٢/١٢/١٩٨٣ مۆسکۆ

## گومان

بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووکەی؟
بۆچی دیسان لە دەروازەی گومان دەدەی؟
کێ دێ گلم بداتەوە؟
کێ دێ لە تۆم بڕفێنێ؟
تۆ نەبیت، لەم دنیایەدا،
بێپەنایەکی وەکوو من،
چ خەمخۆرێک داڵدەی دەدا؟
بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووکەی؟
پەلەی چیتە؟
هەتا لێت دوور بم، باشترە:
وا نامۆیی
دەرسی ئەشقم پێ دەخوێنێ.
سۆزی دووریت
پەڕ و باڵی برووسکەییم لێ دەڕوێنێ!

٢٦/١٢/١٩٨٣ پراگ

## گەر سێوێک بوو...

گەر سێوێک بوو، لەتی دەکەم:
لەتێک ـ بۆ خۆم، لەتێک ـ بۆتۆ.
بزەیەک بوو، لەتی دەکەم:
لەتێک ـ بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.
خەفەتێک بوو، بەشت نادەم،
هەڵیدەمژم وەک دوا پەتۆ!

١٩٨٣/١٢/٣١ پراگ

## بۆ مارگرێت [*]

ڕەنگی وشە
لە چی بکا، چاکە بۆ تۆ؟
لە ئەرخەوان؟
لە پەلکەزێڕینەی حەفتڕەنگ؟
لە وەنەوشە، یا لە هێرۆ؟

ئەی بۆنەکەی
لە چی بکا، چاکە بۆ تۆ؟
لە بۆ چرووک؟
یا گوڵەباخ؟
لە خاک و خۆڵ، یا لە شەوبۆ؟

---

[*] مارگرێت کچە پێشمەرگەی ئاسووری و پاڵەوانی ئەفسانەیی شۆڕشی ئەیلوول.

دەنگی وشە
لە چی بکا، چاکە بۆ تۆ؟
لە سرتەی ژوان
یا هاژەی چەم؟
لە بالۆرەی مازووچنان،
یا شەقژنی باڵی هەڵۆ؟

هەموو جارێ،
کە دەمەوێ
هەڵبەستێک بنووسم بۆ تۆ،
قەڵەمەکەم چاو شۆڕ دەکا،
وەک ئەو سمێڵبابرانەی
سەنگەریان لێت کردە گلکۆ.
دەحەپەسێم،
لێم دەشێوێ،
نازانم بۆ هۆنراوەکەم
چبکەم بە دەنگ؟
چبکەم بە رەنگ؟
چبکەم بە بۆ؟
ئەی ئەو خاچەی لە خاچ درای،
شێرەژنی خاوەن شکۆ!

٢٢/٦/١٩٨٤ مۆسکۆ

## پێ لێنان

+ «کێت لە گەڵدایە تەرەس؟
کێت لە گەڵدایە سەگباب؟»

ـ ئێستا دانی پیادەنێم
بەسە، لێم مەدە، جەناب:
ئاوی چەم و رووباران
داری شیو و کەناران
دڕندەی دەشت و شاخان
فڕندەی ڕەز و باخان
تەمی دۆڵ، کوچکی بەستان
بای گەرمێن، بەفری کوێستان
ملیۆنان دیلی زیندان
زیندانی شار و گوندان
ئەندامی شانەکەمن
هەموویان لەگەڵ مندان!

٢٨/٦/١٩٨٤ ـ مۆسکۆ

## ئۆتۆنۆمی

نە خەندەیە، نەگریانە.
نە مردنە، نەژیانە!

پێناسەکەی وا لای منە:
کوردکوژە، هیواخەسێنە،
دەست و دەم و پێ بەخوێنە.
ڕێگایەکە نابڕێتەوە ـ
لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر،
لەوێشەوە بەرەو نوێنە!

عەیامێکە من دەیناسم:
دێوجامەیە،
خەمەگرووی هەزار ڕەنگە،
قوتابخانەی

کتێبخانەی ئیجادناوەی نیە

بێسەوادی و دەبەنگییە،
کانگای گولی و
سووزەنەک و
فەڕەنگییە.

تا نەیکوشتووین،
وەرن، چنگی بە خوێن سووری
پێ هەڵبڕین،
بە شەق رووی پێ لە دیوار کەین.
تفەنگی خۆکوژ فڕێ دەین،
تفەنگی ئازادی سوار کەین.
زرمە لە جەرگییەوە بێنین...
لە بازرەقەی خوێنی ئەودا
یەکەم تیشکی رۆژ هەڵسێنین!

٢٨/٦/١٩٨٤ مۆسکۆ

کەشکۆڵی ئیجابانەوەی پێیە

## گەنجینە

لەوساوە دنیا دنیایە،
ئادەمیزاد
ئەشقی گەوهەر،
سەوداسەری زێڕ و زیوە.
لە پێناویان
بنی دەریا و
قوللەی کێوی پشکنیوە.
کەچی من هەموو سبەینان
گەنجینەیەک دەدۆزمەوە،
کە دەبینم کەزی و بسکت
نیوەی بالیفمی تەنیوە!

١٩٨٤/٨/١٠ ئۆدێسە

## چلچرا و مۆم

هەیە پێش نووسین،
چلچرایەکی شاکاری دەوێ،
بۆ دۆزینەوەی ڕێی دڵی سوڵتان.

هەیە پێش نووسین،
بنەمۆمێکی ساکاری دەوێ،
بۆ خۆبینین و گڕ لە خۆ بەردان.

بۆیە، پێش ئەوەی
قامک درێژ کەم بۆ قەڵەمی خۆم،
تەماشا دەکەم،
کامیان دەسووتێ:
چلچرا یا مۆم!

١٢/٨/١٩٨٤ مۆسکۆ

## گەشبینی

بۆ باران هەیە، گەر جارێک
لە نیوەی رێ تەرم نەکا؟
بۆ بەفر هەیە، گەر جارێک
تێی نەکەوم و سڕم نەکا؟
بۆ ئەڤین هەیە، گەر جارێک
یارێک دەستبەردارم نەبێ؟
بۆ مردن هەیە، گەر جارێک
نێزیکی کەنارم نەبێ؟

١٨/٨/١٩٨٤ مۆسکۆ

کەس مافی بڵاوکردنەوەی نیە

## گەوهەر

گەر بە دەریا بێ،
چی لە ناخدایە، دەیدایە شەپۆل.
گەر بە شەپۆل بێ،
چی لە ناخدایە، دەیدایە کەنار.
کەچی، لە ساڵان، لە مانگان جارێک،
دەنکە گەوهەرێک بە شەپۆل دەبڕێ،
ئەویش دەیخاتە کۆشی کەنارێک!
پەلەم لێ مەکەن!
منیش پێلێکم،
بێ ئۆقرە و ئارام، هەردەم بەڕێوە.
بە دەگمەن... دەریا
دەنکە گەوهەرێک لە مستم دەنێ،
ئەویش رادەدەم بۆ کۆشی ئێوە!

١٩٨٤ مۆسکۆ

## موفاوەزات

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
چیمان کەمە؟
وا کەشتیمان روو لە کەنار، پشت لە بایە؛
خێروبێری کۆمپانیای خوێن
شەپۆل داوێ، بنی نایە؛
سەرمان بەرزە وەک ئاڵامان،
هاوڕێی هەور و لووتکەی چیایە!
ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
چیمان کەمە؟
شەلین؟ کوێرین؟ لاڵین؟ کەڕین؟
چیمان کەمە؟
کەی بۆ کەزی و بسکی دایکان،
وەکوو ئێستا، هەش زۆر بووە؟

کوردستان سلێمانی

کەی لە سایەی
تەیمانی هێسک و پروسکا
گوڵی ئاوا گەش زۆر بووە؟
کەی گۆڕستان
وا بە هەڕمێن و پڕ بووە؟
کوانێ، لە کوێ،
بێدەنگی وا جاڕ دراوە و
مناڵیشی پێ کڕ بووە؟!

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
سەرفرازین،
وەک رانە مەڕ
لە ناو گەلەگورگی چاوتەنگا.
تێرین، وەکوو وردەماسی
لە ناو هەناوی نەهەنگا!

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
شوانی گورگزادە خۆش بن،
ئازادترین رانە مەڕین!

١٢/٩/١٩٨٤ مۆسکۆ

ئەمەی لێ نایابیتەوە نییە

## دیوار

(١)

**تۆ ـ چەکەرەی چەمەنزاری،**
**من ـ درەختێکی رەهندە،**
**چۆن تێک بگەین؟!**
**دیوارێکمان لە بەینایە،**
**بیستویەک بەژن بڵندە!**

(٢)

**ـ «سەرت وێرانەی کۆنە یارانە،**
**ئاخ! بۆچی زووتر لە دایک نەبووم،**
**تا خۆم گشتیانبام بە تاقی تەنێ...»**
**+ «خۆزگە درەنگتر دەهاتمە دنیا،**
**دەبووم بە وانەی پاش من دەتگەنێ!»**

٣٠/١٠/١٩٨٤ مۆسکۆ

## کۆنگرەی شووشان

دوێنێ کۆنگرە بوو؛
کۆنگرەی شووشان بوو .
هەر وڵاتێک و شووشەیەکی نارد.
هەر شووشەیەک و
بە سەرهاتی خۆی پوختە گێڕاوە،
چەند قاوەخانە و چەند ماڵ گەڕاوە،
لە سەر چەند مێزان تاج لەسەر بووە
چەن دەمی دیوە و چی تێکراوە؟!
پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتایی پێ بێ،
بوتڵێکی رەشی

لە سپێدەوە کڕ و کپ و مۆن
قوت بۆوە وهاتە بەردەم میکرۆفۆن:
«خوشکان، برایان!
من وەکوو ئێوە سەربردەم نییە
نە مێژم دیوە نە کۆڕی یاران...
نە گەشتی لادێ، نە باڕی شاران...
راستیتان دەوێ؟!
ئەو رێیە دوورەم بۆیە بڕیوە
تا پێتان بڵێم
من شووشەی بەعسم،
لە پاش و پێشی مرۆڤ بترازێ هیچم نەدیوە!

٣٠/١/١٩٨٦ ـ تەرابلس

ئەم نوسخەیە مافی لەچاپدانەوەی نیە

## تۆ دڵتەنگی

تۆ دڵتەنگی
بۆ بێوەژن
بۆ بێوە مێرد
بۆ ئەو کۆرپانەی بێ بابن
منیش بۆ ئەو پەری وسوارچاکانەی
ساڵەهایە لە داک نابن!

١٩٨٦/١١/١٦ ـ تەرابلوس

کەس ماڵی لەچاپدانەوەی نیە

## لە دایک بوون

گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە...
بەڵام دڵنیام
جیهانی سبەی گوشاد و روونە:
لە دایک بوونی مناڵم دیوە ـ
قیڕە و لینگ کوتان
یەکەم نیشانەی لە دایکبوونە!

٢٠/٥/١٩٨٧ ـ تەرابلوس

## بۆ ئینتەر ناسیۆنالیستێک

«بۆ هاوڕێی سەلڤادۆریم خۆسێ ڕۆمیرۆس»

سەرکۆنەم مەکە!
منیش، وەکوو تۆ، گۆی زەویماڵمە.
ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە.
وەک تۆ خواکردم،
وەک تۆش دەمەوێ، تاسەر خواکرد بم.
بۆیە سەربەندی شێعرم هەر کوردە،
چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!

٢٥/٥/١٩٨٧ تەرابلوس

## دووبەرەکی

**شەو لە خەوما**
**ئارامگەی «حاجی»م دیتەوە**
**چۆ کم دادا، سوژدەم برد بۆیّ**
**گوتم: «حاجی پەرێشانین!»**
**سەری کز کرد،**
**گوتی «مەرد بە زیندووم کەوە!»**
**گوتم: «گەورەم!**
**من عیسا نیم،**
**چۆن زیندووت کەمەوە، بێژە؟»**
**گوتی: «لێرە دەرم بێنە،**
**دوو بەرەکی**
**لە شوێنەکەی من بنێژە!»**

تەرابلوس ١٩٨٧/١٢/٢٠

## قیبلەنما

بیرم: قیبلەنمایەکە
بە شکاوی هاتە دنیا ـ
روو دەکەمە هەر جێیەکی ئەم جیهانە
رووی میلی ئەو قیبلەنماکەم
تەنیا بەرەو کوردستانە!

١/١١/١٩٨٨ تەرابلوس

## مۆزە

لە کوردستانی دواڕۆژدا
گەورەترین مۆزێی دنیا دروست دەکەم.
بۆ هەر چاخێک ـ هۆڵێکی زل.
هۆڵی یەکەم ناو لێ دەنێم:
هۆڵی چاخی بەر لە دیرۆک
هۆڵەکانیتر هەموویان:
هۆڵی سونگی و کەڵبە و ڕنۆک!

١٩٨٨/١١/١ تەرابلوس

## بۆ هونەرمەندێک

هەر چیت بیستووە دەربارەی
پەنجە شێر و گولی و ئایدز،
هەر چیت بیستووە دەربارەی
مشکە پەردەدڕەکانی بێریا[*] و گێبلز[**]،

---

[*] بێریا لاڤرێنتی ( ١٨٩٩ – ١٩٥٣ ) سەرۆکی پۆلیس و بۆ ماوەیەکیش وەزیری یەکیەتیی شوورەوی لە سەردەمی ستالیندا.

[**] گێبلز پاوڵ (١٨٩٧ – ١٩٤٥ ) وەزیری پڕوپاگەندەی ئەڵمانیای نازی.

هەر چیت بیستووە دەربارەی
گورگەکانی مۆسۆلینی،
سیسارکەکانی هۆنیکەر،✪
هەر چیت بیستووە دەربارەی
شاڵاوی جرجی تاعوونچێن،
لێشاوی مەغۆل و تەتەر:
بۆ پۆرترێتی دوژمنم،
هەمووی لێکدە و
هەزار هێندەی باوێژە سەر!

لە کۆمەڵگەی ئادەمزادا
نەکەی چاوی لێ بگێڕی!
نەکەی چاوی لێ بگێری!
برۆ لە ناو بێشکەیەکی
پڕ درەختی کرملێداو
لە هەوینگ و جەنگەڵێکی
هەتا کەمەر نوقمی زەلکاو،
لەو بوودڕ و زەندوڵانەی
وەتی هەن دوورن لە هەتاو؛

---

✪ هۆنیکەر ئێریخ (١٩١٢ – ١٩٩٤) سەرۆکی رژێمی ئەڵمانیای رۆژهەڵات (١٩٧٣ – ١٩٨٩)

ورد ورد بگەڕێ سەرانسەر،
چاو بگێڕە
لە پیسترین
درندە و جڕ و جانەوەر . . .
بۆ پۆرترێتی دوژمنم،
هەمووی لێکدە و
هەزار هێندەی باوێژە سەر!

٣/١١/١٩٨٨ ـ تەرابلوس

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

دیوانی شەونامەی شاعیرێکی تینوو

کوردانە
kurdaane.com

## بۆ کچێکی کاڵ

لە دوورەوە، ناوت بیستوم
ناشارەزا، خۆشت ویستوم!
گوایە، لە گەڵ شیعرەکانما
زۆر ژیاوی
شەوەهای شەو،
تەزووی شیرینیان پێ داوی

نەتناسیوم!
بڕوابکە، نەتناسیوم
ئەو جیهانەی تۆ ئەتەوێ
هەرگیز لای من، دەست ناکەوێ
جیهانی من، هەمووی خەمە
زەردە خەنەی، ئێجگار کەمە
تەلاری من... کەلاوەیە
جێی پەڕتووک و هۆنراوەیە!
ئەوەی رووگەی دڵ و چاوە

تەنیا بتێکی شکاوە!

دوور بە
لە من...
لە ژینی من...
لە چاوانی بەدبینی من،
دوور بە
لە من...
لە هەڵبەستم
لەو چەپکانەی
بۆ شاچەپکێک، ئەیانبەستم!

١٩٦٨/١٠/٢٨

## لەگەڵمابە

گیانەکەم! گەر ژینت ئەوێ، لەگەڵمابە
گەر ئەتەوێ، دەست لانەچێ، لەگەردنا
لە گەڵمابە... با هەرپشتم پێت ئەستوور بێ
لە بەهاری، ژینی شادی و لە مردنا
لە گەڵمابە... گەر هات و رۆژێ لە رۆژان
بوو بە تانە، تفم لە چاوی دوژمنا!
لە گەڵمابە... گەر پەتی سێدارە وتی:
«کڕنۆش بەرە، ناتخنکێنم!»، قیژاندم، نا!

لە گەڵمابە... لە پیادەییم، روو بە ئاسۆ
لە بێداری و لە ئارەقەی رەش رشتنا
لە گەڵمابە... پێکڕا بچین، خۆر دەربێنین
لە ناو گۆمی تاریکی و هەوری چڵکنا!
ئەو رۆژە چوو، کە بتچێنم... بۆ ئەوەی شەو
بتدۆزمەوە، لە ناو پێخەفی نووستنا!

لە گەڵمابە... خۆ تا ئەمڕۆ لە گەڵما بووی
لە پێمەلەی دەریای ئازادی بێ بنا
لەگەڵمابە.. سویندیش ئەخۆم، گەر ماندووبیت
یا کۆڵ بدەیت، لە رووی هەوراز سەرکەوتنا
جێت ئەهێڵم دەست هەڵئەگرم لە گەردنت،
من چۆن کاروان جێ ئەهێڵم لە رێی ژنا؟!

١٩٦٩/٥/٤

## پێناکەنم

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

پێناکەنم
تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان
مامزی خەندە ڕاو ئەکەن
بۆ لێوی لادێ و شارەکان!
کە ئەوەم دی
ئەوسا منیش، وەکوو ئەوان
وەکوو شنەی گوڵەگەنم
وەکوو ئارەقەی ناو چەوان
لە ناخەوە پێئەکەنم!

پێناکەنم...
پێکەنینم هەرگیز نایێ
تا بە چاوی خۆم نەبینم
لە هەر لایێ
لافاوی ئاگرپژێنی چەوساوەکان،
راستبوونەوە و یاخی بوونی
دیل و ئەژنۆ چەماوەکان
ئەپچرێنێ کۆت و زنجیر،
رائەماڵێ
گەنجینەی خوا پێداوەکان،
کە ئەوەم دی
ئەوسا منیش
گەرم، بەتاو
بەستە ئەلێم، پێئەکەنم،
لە دیار کۆت و بەندی شکاو!

١٩٦٩

## کاک

پێش ئەوەی بێمە بەر دەمت
کام بیری جوان، خڕپەدارە
کاکم دێڕ هەلبەست، زۆر بە کارە،
شانەی ئەکەم، وەک پەرچەمت!
لە ماوەی چاو قوچانێکا،
هەزار و یەک خەونی شیرین،
ئەمکەن بە «مەم» ئەتکەن بە «زین»!

کەس مافی لەچاپدانەوەی نییە

لە خەیاڵما
پایز، بەهاری، لێ ئەتکێ،
درەختی رووت
گەڵای سەوزی، پێوە ئەلکێ
بەڵام سەد ئاخ! ئەی دەروون پاک!
کاتێ بانگم ئەکەی بە «کاک»
کاک، وەکوو مار،
بەرەو گوێچکەم گینگڵ ئەدا،
کە دێمە گۆ
خۆی لە زمانم لوول ئەدا!
هێدی... هێدی...
قووتم ئەدات، کفنی زەردی نائومێدی!

من لە دڵتام
لە دەروونتام
لە گلێنەی چاوی روونتام،
شەرم مەکە، بە ناوی رووت
ناوم بێنە، پڕ بە گەرووت،
با لە یەکتر، ئاشکرا بین
تاکەی لە ناو ئاگرا بین؟
نە تۆ «خوشک»ی نە من «کاک»م
خۆشەویستی، دەروون پاکم!!

٦٩/٦/٥

## کەژاوەی گریان

(بۆ شێرکۆ بێکەس)

برام شێرکۆ!
کەژاوەکەی گریانی تۆ
وەک ئادەمزادی راپەڕیو
گیانی گەرمی لە بەردا بوو،
خەنجەرێکی جەوهەرداری
«کۆرپاشا»ی لە کەمەردا بوو
لە پێشەنگی کەژاوەتا،
ئالای خوێنینی مەهاباد، هەڵکرابوو،
لەتەکئەوا، سێدارەکەی چوارچرابوو،
کە هاتە لام،
پەیامێکی وای بۆ هێنام:

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردستانی

وشەکانی
وەک پڕیشکی ئاگر وا بوون،
هی رۆژانی ئاوێستا بوون؛
خوێندمەوە؛
گەلێک گریام.
گریام بۆ خۆم
گریام بۆ تۆ
بۆ هەزاران، زیندووی نێژراوی ناو گڵکۆ!

برام شێرکۆ!
راست ئەکەی تۆ:
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە
ئەنووین، ئەخۆین، لە سەر درۆ!
راست ئەکەی تۆ:
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە
گوێمان، کەڕە!
زمانمان، گیرۆدە و لاڵە!
بەڵام هەیهۆ!
کەی لای ئێمە
پەسند بووە پیاوی راستگۆ؟!

برام شێرکۆ!
بەو چاوە دیم
زەردەخەنەی لە دواوە بوو،
کەژاوەکەی گریانی تۆ!
لە تنۆکی فرمێسکتا
دەماری بازووی کاوەم دی،
لاشەی کەوتووی زوحاکم دی،
ئاڵای بەرزی شەکاوەم دی،
ئاسۆیەکی رووناکم دی!

لە تنۆکی فرمێسکتا
زەردەشتم دی
باوەشی خۆی ئەگرتەوە
بۆ هەژار و چەوساوەکان،
بەهەشتم دی
راست ئەبۆوە
لەسەرلاشەی چواردیوارە رماوەکان!

١٩٦٩/٨/١٥

## هەگبەی دەنگوباس

(بۆ شیرکۆ بێکەس)

هاوڕێم!
هاتی، کە هاتی، بارانی گۆیژەت هێنا
بۆ هەڵگەڕانی بەرەوخۆر، پەیژەتهێنا
مژدەنامەی زستانی زگ پڕت هێنا
دەنگی مەزدەو یاخی بوون و گڕت هێنا

هاوڕێم!
ناوی خانزادت برد بوو... با پێت بڵێم
پرچی خانزاد، خۆڵەمێشە!
چاوی رەشی، پلیشاوەی ژێرپۆستاڵە
چەپکە نێرگزی سەر گۆڕی
سپیلکەی چاوی مناڵە!

⚐ ⚐ ⚐

هاوڕێم!
کە چوویتەوە، سلیمانی
لە ڕێگاتا
لە بیر نەکەی
لە قەڵات و منارەوە
لە موغەکانی شارەوە
چەپکە هەواڵێک بەرەوە،
بۆ خوا
بۆ بیرەکانی نەوت
بۆ مەزاری بابەگوڕگوڕ
بۆ ئەو شارەی
دانیشتوانی لە ناو گڕا، ئەگرین بۆ گڕ!
لە بیر نەکەی
دەنگوباسی شارەکەی من
ـ شاری مزگەوت و دەرۆزە
شاری تینوو بۆ ماچی جەژنە پیرۆزە ـ
لە بیر نەکەی
دەنگوباسی ئەو منداڵەی بۆ لەتێک نان،
تا ئێوارە
بەرئەبێتە گیانی مردووی شەقامەکان!
لە بیر نەکەی
دەنگوباسی

«حەمە»، «چورچە»، «جومعە»، «کسۆ»
یەک بە یەک شێتەکانی شار
دەنگوباسی مەیدانی کار
چایخانەی پڕ،
هەمووی بەرە
بۆ خوا،
بۆ بیرەکانی نەوت،
بۆمەزاری بابەگوڕگوڕ!

## سێ نامەی کورت

(١)

خۆشەویستم!
نامەکانم بسووتێنە،
ئەو هۆنراوەی بۆت نووسیوە،
سێدارەی بۆ دامەزرێنە!
دڵگیر مەبە
لە لای ئێمە ـ نەک تۆ ـ پیاویش،
لە سەر وشەیێکی باڵدار
قۆلبەست ئەکرێ، ئەدرێ لە دار!
دوور مەبینە، گەر تۆی ئافرەت
بۆ چریکە، زار هەڵبڕیت
شێتەکانی سەر کورسی شار،
گەرووی سەوزت بقڵیشێنن
چاوی گەشت، پڕ چقڵ کەن!
پرچی رەشت، بسووتێنن!

(٢)

**خۆشەویستم!**
**لە پیاوێکی گەڕۆکم بیست،**
**لە لای ئەوان، کچانی کۆک**
**لە باتی گوڵ،**
**هۆنراوە ئەدەن لە بەرۆک**
**گەورەکانیان،**
**بۆ پەیکەری هونەرمەندێ،**
**دێنە سەر چۆک؛**
**کەچی لە گشت کوردستانا**
**لە مەڵبەندی**
**«بێکەس» و «حاجی» و «گۆرانا»**
**گەر بگەڕێی، سەر تا خواری**
**وەک غەریبێ**
**بەدی ناکەیت**
**تاپۆی پەیکەری ئەدیبێ!**

(٣)

خۆشەویستم!
خاوەن وشە، لەم وڵاتە
هەمیشە، هاتی نەهاتە!
ئەیانەوێ
خاوەن وشە، وەک هەنگ وابێ
هەرکە بە رووی کاغەز وەدات
بمرێ، وەکات!

ئەیانەوێ
وشەکانمان،
کۆت و زنجیر، بۆ پێیان بێ
سایەی سێدارە، جێیان بێ!
ئەیانەوێ
وشەکانمان،
بێ دەنگ بکەون بە روودا،
ـ وەک حەزرەتی، سمایل کەوت،
لە ژێر رەحمەتی چەقۆدا! ـ

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

ئەیانەوێ
بنووین، بخۆین، وەکوو ئەوان
بنووسین، بڕێسین، بڕۆین،
وەکوو ئەوان
ئەیانەوێ
کتومت «ئێمە»، «ئەوان» بین
وەک مەلێکی مۆمیا کراو،
بی ئارەزوو، بێ رەوان بین!

١٩٦٩/٩/١٣

## نیازێک هەڵورەی!

(١)

نیازم وابو
بتکەم بە چەپکە نێرگزێ
بۆ سەر مێزم،
لە سەرمای شەوی زستانا
گەرمت کاتەوە ئامێزم.

نیازم وابوو
ئەو سنگەی سەرینی نازە،
شەو لە سەری بهۆنمەوە
کەزی زەردی شیعری تازە!

نیازم وابوو
پرچت بکەم بە هێلانە،
روومەتم تیا بدات، نووچێ
گەردنت بکەم بە مۆمێک،
لە شەوانی هۆنراوەدا،

ئەم ساوی کتێبخانەوەی ینیە

**بۆم رووناک کاتەوە سووچێ!**

**نیازم وابوو**
**تا ئەو رۆژەی**
**لە یەکترمان ئەکا، مردن**
**شادی، بکەم بە گەردانە،**
**بیئاڵێنمە شووشەی گەردن!**

**نیازم وابوو**
**بۆت دەسگیر کەم**
**ئەستێرەی ئاسمانی زەبەند**
**پەلکە زێڕینەت بۆ بگرم،**
**بۆتی بکەم، بە کەمەربەند!**

**نیازم وابوو**
**گەر بەهاری ئەمجار بێت**
**پەساپۆرتی دەرباز بوونی، بسووتێنم**
**نەهێڵم دەرچێ لە ژێر پێت!**

**نیازم وابو**
**بم بە گەرداو**
**بم بە لافاو**
**گەڵای زەردی ساڵانی پڕ بەسەرهاتت**
**رابماڵم!**

بتکەم بەو دایکە بە سۆزەی
مەمانت بمژێ، منالّم!

⚐ ⚐ ⚐

هەرچی جوانە، هەمووم ئەویست
تەنیا بۆ تۆ، تۆی خۆشەویست
وام ئەزانی، ژەنگ ناتگرێ
وشەم، لە فەرهەنگی دلّتا، قەت نامرێ
رۆژێ نەهات، بە خەیالّما،
کە حەزت، بلّقی سەر ئاو بێ
هەر بۆ ناو بێ
بەلّام! ئەمڕۆ
راستی، شەقی دا لە درۆ
زانیم کەوا، چاوی برسی
لەشی برسی
ویستی دنیای، جوان پەرستیم،
ببات بەرەو سەد مەترسی!
من دەربەست نیم
رێگات چۆلە، بۆباوەشی گەرمی لاوان
فەرموو بڕۆ،
ئاگر بەردە لە هەناوان
کێ خوێن گەرمە
هەرزەکارە
بیخەرە زەلکاوی تاوان!

**تۆ دەربەستی!**
**من دەربەست نیم**
**شیعر ، ئاسمان، ئەستێرە، مانگ**
**هەمو جوانن، بۆیان ئەژیم!**

**من دەربەست نیم ،**
**ئەمڕۆ**
**سبەی**
**لە شیعرێکی خەمڕەوێنا**
**لە دەفتەری بچکۆلەی بیرەوەریما**
**لە هەزاران شادەمارو مێشک وخوێنا**
**تۆمار ئەکەم سەرگوزەشتەی**
**ئەو مێخەکەی**
**چەنەم شل بوو ، ئەوەندەی شیعری بۆ بڵێم**
**لە دواییشا ــ کە بایی بوو ــ**
**هەڵموەراند.. خستمە ژێر پێم!**

١٩٦٩/١٠/١٣

## دەنگێک لە کوردستانەوە

چەند حەز ئەکەم
منی کوردیش، ئادەمزادێکی سەربەست بم
بە چەلین و کەوشی کوردی،
لە چیاکانی فەلەستینا، چەک بە دەست بم
هێرش بەرم
بۆ سەر ئەو بووکە شووشانەی،
بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی،
گۆشتی کۆرپەی ساوا ئەخۆن
مزگەوتەکان کڵێسەکان،
بە خوێن ئەشۆن!

چەند حەز ئەکەم

بژێنمەوە، داستانەکەی سەلاحەددین
دیسان وەکوو بۆمەلەرزە
راچڵەکێنم، دڵی زەمین
تاو بسێنم، وەک فەرتەنە
لە سەر لێوی خاچپەرستان
ریشە کێش کەم، زەردەخەنە!
بەڵام چیبکەم؟
خۆشم ئەمڕۆ، وا دەست بەستەم
داگیرکەران لە چوار لاوە،
ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.
من کوردێکم
هەرچەند ئەمڕۆ، دەنگ هەڵبڕم،
دەنگم نیە!
من کوردێکم
هەرچەند ئەمڕۆ، خۆم نیشان دەم،
رەنگم نیە!
کوردستانی گەورە و مەزن
وەک خەرمانی جوتیاری کورد،
بەش کراوە!
باستیلێکە
کوردی تێدا ئاخنراوە!
بەڵام! پەیمان
هەزار پەیمان

لە دوارۆژا،
کە خۆم بینی،
کەسێکم نایێ بەگژا
کە خۆم بینی،
لە سیبەری کوردستانی رزگار بووما
لەکەی دیلی، سڕاوەتەوە لە رووما،
ئەوسا منیش،
وەک کوردێکی خاوەن گیان
چەک هەڵگرم،
بۆ هەرکەسێک بڵێ: ژیان!
پەیمان، پەیمان
هەزار پەیمان،
کە رزگار بووم
لەو گەردە لوولەی، تێی کەوتووم
ئەوسا بڕۆم،
تا لە خاکی، فەلەستینی ئاسمان گەشا
نەک هەر لەوێ،
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،
لە ئەفریقیای قولەڕەشا،
لە ئەرتیریای بێ بەهارا،
لە هەر خاکێک دۆلار بژی،
بژێنمەوە، سەد «گیڤارا»
١٩٦٩/١٢/٥

## لە دەستم دێ

لە دەستم دێ
کاتژمێری کامەرانیت، بوەستێنم
لە دەستم دێ،
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم،
نامەی بەختت، بسووتێنم!

لە دەستم دێ،
هەموو شتێک، ئاشکراکەم،
کام شەوت گەش و رووناکە،
ئەو شەوە پف لە چراکەم

له دەستم دێ
به دوو وشه،
دڵی زاوای نوستوت، رەش کەم
له خۆشاوی
شەوی پەردەتان، بێبەش کەم!

نامەکانت
یەک یەک ماون،
دیارییە سادەکانت
یەک یەک ماون،
چاویان شۆڕە
دەست له سەر سنگ، بۆم وەستاون!
له تاوی ئەو کارەساتە،
ئارەقەی شەرم ئەتکێنن
مۆری حەزێکی ئاگرین،
بە ناوچاوتەوە ئەلکێنن!

تاڵێکی پرچت نەماوە
تێر تێر بۆنم نەکرد بێ!
جێی دەرزییێک
له سنگی برسیت نەماوە
پەنجەم پەی پێ نەبردبێ!

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

گەواهی ئەدەن لە سەرت،
دار تێلەکانی سەر شەقام!
گەواهی ئەدەن، ئەوانەی
نامەی تۆیان بۆ دەهێنام؛
بەڵێ گیانە!
گەر بمەوێ
کاتژمێری کامەرانیت، بوەستێنم
گەر بمەوێ
ئەڵقەی پەنجەت، پێ فڕێ دەم،
نامەی بەختت، بسووتێنم،
بەڵگەم پێیە!
هەزار بەڵگەی ئاشکرا و روون،
بەڵگەی چوارساڵ، پێکەوە بوون،
بەڵام چ بکەم؟!
خۆشەویستیت
نەهەنگێکە،
خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە
خۆشەویستیت
رووبارێکە،
قینی رەشم ئەشواتەوە!

١٩٧٠/١/٢١

## هۆنراوەیێکی ساکار

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

خۆشەویستم!
رۆژێ دادێ
گڕ بەربێتە، شارولادێ
رۆژێ دادێ
کورد بپرسێ:
کەی رەوایە
لێکبپچڕێ، گەردانەکەی کەژ و کێوم
بە پێ دزە،
لە میانەوە

بۆ ئەوی تر ، پێ ببزێوم؟
رۆژێ دادێ
کورد بپرسێ:
کەی رەوایە ، خۆم برسی بم
کەچی لەولاش ،
بێگانەیێ ، گەنمم بکاتە قورگی ئاش؟
کەی رەوایە
منالّی من ،
سەرما ، پەنجەی بتەزێنێ
دزی رۆژیش
زێڕی رەشی ، بسووتێنی؟!

خۆشەویستم!
کە رۆژێ هات ،
وەڵامی خۆمان دایەوە ،
خوێنی تورەی ئاگرینمان
لە دەمارا جوولایەوە ،
ئەو رۆژە ، خۆت مەشارەوە
تاکوو پێکڕا
یەک دەنگ ، یەک را
لە ناو شریخەی تفەنگا

لە ژێر چەتری شەوەزەنگا
کوردستانی، ملیۆنها لە ناحەزان
بکەین بە کێڵگەی کارەبا،
بە گۆڕستانێکی هەرزان!
لەپاڵ تاوێرە بەردێکا، سەنگەر بگرین
یا دێینەوە دەست لە گەردن،
یا دەست لە سەر تفەنگ، ئەمرین!

٢٢/١/١٩٧٠

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

# شەونامەی شاعیرێکی تینوو

(١)

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ
ـ شەوی پایز ـ
کاتێ خشپەی گەڵای وەریو ،
پەلی هەستم ئەگرێ و ئەیبا
بۆ کۆتایی و دنیای ئەو دیو
من، بەخیلی بە کۆتایی گەڵا ئەبەم
چونکە کە مرد، هاورێی هەیە
دەمی زەردی، بنێتە دەم!

(٢)

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ
ـ شەوی زستان ـ
کاتێ، دەنوک لە گوێم ئەدا، ترپەی باران
کە خۆڵەمێش، دائەپۆشی
پۆلوەکانی ناو ئاگردان:
لە سەر دیواری بەردەمما
سیمای تەڵخی دڵدارەکانم، ریز ئەکەم
چییان لێ هات؟!
بۆ رۆیشتن؟!
دەربەستی هیچیان نیم، بەڵام
بەڵام، ئاخ! بۆ ئەوەی یەکەم
کە ناتوانم لە بیری کەم!

(٣)

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ
ـ شەوی بەهار ـ
کەتاریکی، وەک تاڤگەی کل
ئەرژێتە ناو گلێنەی شار،

کە ئەستێرە گەڕانەوە،
لە ناشتنی
تەرمی ماتی زێڕ کفتی خۆر،
کە پەنجەیێ
هات بزواندی
تەلی گیانی پڕ لە ناسۆر:
بڕوا بکە، خۆشەویستم!
لەو کاتەدا
بۆ خەوێکی سەر مەچەکت،
ئەگریم . . . ئەگریم
بە گیان، بە لەش، بە چاو، بە گوێ،
هاوار ئەکەم:
برسیم! برسیم!

(٤)

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ
ـ شەوی هاوین ـ
کاتێ ئاسمان
پەپوولەی خەو ئەبارێنێ، خەوی‌شیرین!
کە سروەیێک، دێ... بە کپی
بە گوێی ناخما، ئەچرپێنێ،

رازی شەو و چوار دەورەم و کوللەی سپی:
بڕوا بکە، خۆشەویستم!
لێرەدا دڵی هەتیوم،
دڵی شەوی گەش نەدیوم،
وەکوو مانگی تەنیای ئاسمان،
تێر، ئەداتە پڕمەی گریان!
گریان بۆ چەرپای دوو کەسی!
بۆ سەرینێکی دوو کەسی!
گریان... گریان...
بۆ چەناگە و بەرگەردنێ...
بۆ ئافرەتێ،
تا بەیانی، سەر بە سەر سنگمەوە بنێ !
گریان.. بۆ یەک چرپەی شیرین!
گریان... بۆ یەک خورپەی شیرین!

١٩٧٠/٧/١٩

## پرسیارێک

لە یادمە
ساڵ: کۆتایی شەست و شەش بوو،
شار: مەچەک بوو
زستان: بازنێکی ڕەش بوو!
ئێوارە بوو...
بۆ یەکەم جار
من هەستم کرد بە تەنگی شار
تۆش هەستت کرد، بە تەنگی شار!
دوور ڕۆیشتین..
لە سووچێکا پێک گەیشتین،

ڕەنگ بزرکاو...
هەناسە سوار!
لە سێبەری خۆمان ترساین
چاویان هەبوو، دار و دیوار!
دەمیان هەبوو، دار و دیوار!
بەڵام! ئێمە،
یاخی بووین و نەفرەتمان کرد، لە خەڵکی شار
نەفرەتمان کرد، لە چاوی شار!

لە یادمە
هێشتا، لێوم وەک بەفر بوو
چی نەدیبوو؛
هێشتا، پەنجەم
یەکەم تەزووی گۆپکەی مەمەی، نەچنیبوو؛
لە یادمە
شارەکەمان
هێشتا وەکوو کڵێسە بوو،
کە پێم وتی:
دڵدارێکم،
پاک، وەک نیگات
ڕووت، وەک نیگات؛
دڵدارێکم
نیە جوانتر، لە پەیکەری کۆکی باڵات

نیە جوانتر ، لە هۆنراوەم
لە ژووری مۆم تیا کوژاوەم!
تو خواکەی! تۆش
کە ئەتزانی باوکت، برات
ئەترسکێنن
بۆ ساڵێکی تووش و نەهات
بۆ چی چوار ساڵ، دوو باڵی خۆت
بۆ گەردنی من کرد بە کۆت؟!

١٩٧٠/١١/٦

## بۆ پارچەکەی ترم

خۆشەویستم!
بوو بە سالّێ
چاوت دەستی چاوەکانی، نەگوشیوم
بوو بە سالّێ،
ئاوریشمی قژ، شان و ملی نەپۆشیوم
بوو بە سالّێ،
گوێم، تامەزرۆی رۆژباشێکە!
گوێم، تامەزرۆی گیان باشێکە!
بوو بە سالّێ
تینووترم
لە گەلاّی زەردی هەلّوەریو،
تینوترم
لە بیابانی هەزاران سالّ باران نەدیو!

کتێبەکان
گەرمایی تۆم، پێ نابەخشن!
باڵندەکان
چریکەیان، تامی چپەی شیرین نادا،
ئەو بتانەی
لە دوای تۆ هاتنە پەرستگام،
بەیەک سروەی بیرەوەریت، دێن بە لادا!

وەرە گیانە!
لە تۆڵەی خۆم
لە تۆڵەی تۆ
لە تۆڵەی ئێسکی ناو گڵکۆ
لە تۆڵەی مەم
لە تۆلەی زین
هەزاران مەم، هەزاران زین،
کارتۆنەکان بسووتێنین
دیوارە کان بڕووخێنین.
جامبازەکان
ـ ئەوانەی وەک پارچەیێ گۆشت
تۆیان برد بۆ هەراجخانە
تۆیان فرۆشت ـ

وەرە گیانە!
برۆ و سەریان، با بتاشین
هەشی پیاکەین!
گەر مەم و زین، وایان ئەکرد،
ئەدی ئێمە بۆ واناکەین؟!
دەپێم بڵێ، بۆ واناکەین؟!

١٩٧٠/١٢/٢٧

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## خۆشم ئەوێی

خاتوونەکەم!
بیستووتە ئاسمان چەند دوورە؟!
من، بارتەقای دووری ئاسمان
خۆشم ئەوێی؛
بیستووتە دەریا چەند قووڵە؟
بە قەد قووڵی گشت دەریاکان
خۆشم ئەوێی!

گیانەکەم! تۆ نووسراوێکی
دێڕت، بەقەد تاڵی پەرچەم
من، چوار ساڵە ئەتخوێنمەوە
چەند باڵی بیرم لێک ئەدەم

نەتێر ئەبم نە تێتئەگەم

زۆر ئەترسم
لە ناو دێڕی شێعرەکانما
شار بتناسێ
کامیرەی چاوی مەرگەوەڕ،
وینەت بگرێ، هەڵیواسێ.
زۆر ئەترسم
ـ گەر بتناسن ـ
پەنجەکانم هەڵوەرێنن!
شابسکی تۆش، بسوتێنن!
بەڵام! هێشتا من دەربەست نیم،
هەرچیم دیوە
هەرچیم بۆ چاوت نووسیوە
نایشارمەوە!
تا چۆک بدا، لە دەروونتا، دێوی گومان
تاگەورە و بچوک بزانن، خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی
سەد بارتەقای دووری ئاسمان!

١٩٧١/١/٧

## درەنگ نیە

(١)

خۆشەویستم!
کە ژوورەکەم، جێ ئەهێڵێت
تیشکی خۆر، لە ژوورەکەما،
بوخچەی خۆی ئەپێچێتەوە!
میلی سەعات،
خولی لە یاد، ئەچێتەوە!

کە ژوورەکەم جێئەهێڵیت ، لە لام ئەڕۆی
چوار دەورەم ، وەک دارە مەیتێ ،
هەستی سڕم ، ئەگرێتە خۆی!
لە پەنجەرە و دەرگاکەوە ،
بۆ بینم دێ ، دەستی زریان
کتێبخانەی بچکۆلانەم ،
دیوارەکان
هەموو یەک یەک ، دێنە گریان
لە گەڵ منا ، دێنە گریان!

(٢)

خۆشەویستم!
دنیا ساردە
ئاو شەختەیە ،
دڵی تەنیام هەڵپەیەتی
بو لێوێکیگەرم گەرم
گەرم ، وەکوو پشکۆی پەتی!

(٣)

**چ روو ئەدا، با روو بدا!**
**دڵنیابە جێم مەهێڵە**
**باوەشی من بەهەشتێکە**
**ئەتپارێزێ لە رەهێڵە.**

⁂ ⁂ ⁂

**جێم مەهێڵە**
**درەنگ نیە**
**با نیگای چاو، دڵنیا بێ**
**ئێستا خۆرت بۆ رائەگرم،**
**ناهێڵم وا زوو ئاوا بێ!!**

١٩٧١/٤/١١

## زامی زیندووی شیللی

ئەشێ تاریکی و تیشکی خۆر، بەیەک بگەن
ئەشێ زەوی و سینەی ئاسمان، بەیەک بگەن
ئەشێ قوتبی سەروو و خوارووش بە یەک بگەن
بەڵام! هەرگیز ناشێ من و خۆشەویستم
بە یەک بگەین!

ئەشێ ئەهریمەن
بەهەشتی خوای بەرکەوێ!
ئەشێ رووبار،
روو لە هەوراز بێ و سەر کەوێ!
ئەشێ مەم زیندوو بێتەوە،

لە سەر سنگی زین بسرەوێ!
بەڵام ناشێ
جارێکیتر
منی دڵدار، بگەم بەوەی خۆشم ئەوێ.

* * *

رەنگە کچە دراوسێکەم
یا ئەو کچەی
ئەمڕۆ و سبەی
ئەڵقەی من ئەکاتە پەنجەی،
واتێبگات
پەلکەزێڕینەی هۆنراوە،
بۆ کەمەری ئەو، رێکئەخەم
بۆ ئەو، تۆقەی زێڕینی خۆر،
لە پرچی رەشی شەو ئەدەم!
نەیزانیوە
هۆنراوەی من بۆ کەسێکە،
کاسە خۆشاوێ بوو، رژا
چەپکە بۆنێ بوو، بە نوێنی
کەسێکی ترا.. هەڵپژا!

١٩٧١/٥/١٧

## ژانی شەوانی کەنداڵ

(١)

وشەکانی شیعری ئەمشەو
رەوە کۆترێکی سپین
لە بەندیخانەی سنگما ، سەرسام ئەژین
دەنووک ، لە زامم وەرئەدەن
ئاگر ، لە هەستم بەر ئەدەن
ئەیانەوێ ،
دەروازەکەی سنگم لەق کەن ،

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

لە دەلاقەی زامێکەوە
رزگار بن و تارای شینی ئاسمان شەق کەن؛
بەڵام! دوو دڵم، نازانم،
لە بەر پەنجەرەی کام کچا،
بەرەڵڵاکەم، کۆترەکانم؟
لە دوای ئەوەی
خۆشەویستم،
پەنجەرەی خۆی لێ داخستم!

(٢)

ئەزانم، ئەمشەو، ژانەکەم
هەورێکە، بارانی پێیە
هەر دڵۆپێک لەو بارانەش
هەگبەیەکی پڕ ئاوازی بێ گرێیە!
بەڵام! دوو دڵم، نازانم
بەسەر کام کێڵگەی تینوودا، تێر ببارم؟
بۆ شەوی تاریکی کام قژ
چرای هەستم
بسووتێنم و چەپکێک رووناکی ببەستم؟
لە دوای ئەوەی
خەرمانی خەونی منالی
گەردەلولی شین، رایماڵی!

(٣)

ئەتوانم ئەمشەو، ژانەکەم
بکەم بە رستە بازنێک،
بازنێک
خەونی مەچەکی
خانزاد بووبێ!
شاعیرێک، داینەڕشتبێ، بۆ شاژنێک
بەڵام! دوو دڵم، نازانم
بۆ کام مەچەک، لەدایک بن، بازنەکانم؟
لە دوای ئەوەی
کۆتری مەچەکی سپی خۆشەویستم
بێ ماڵ ئاوایی، بە کڕی،
لە شەقەی باڵی دا، فڕی!

١٢/١٠/١٩٧١

## ئەو پەڕی تاسە

چۆن دڵت هات
لە گەڵ سەرینی
تەنیایی دەرزی چنا
جێم بهێڵێت؟
چۆن دڵت هات
لە گەڵ شەوی
سارد و سڕی بێنوستنا،
جێم بهێڵیت؟!

بگەڕێوە
ژووری تەنیام چاوەڕێتە
بگەڕێوە
عومری زاوام
شەیدای بووکی ترپەی پێتە!

١٩٧١/١٠/٢٢

## دوا لاپەڕەی یادداشتی دڵدارێک

بەڵێن بدە
کە تاریکیم، بۆ راناخەیت!
بەڵێن بدە:
کە شەختەبەند ناکەیت، بەر پێم!
منیش بەڵێنت پێئەدەم،
دان بە رابردووما بنێم!

پێش چاوی تۆ،
لە پەرداخی وەنەوشەیی
چاوی ترم پێک هەڵداوە
پێش نامەی تۆ،

[watermark]

قژی گەلێک نامەی ترم، داهێناوە!
پێش سنگی تۆ،
زۆر سنگی تر
چەپکە گوڵی تەزووی سووریان، بۆ چنیوم.
پێش ژوانی تو
زۆر ژوانی‌تر، رێگای دووریان، پێبڕیوم!

⚐ ⚐ ⚐

شاعیرێک بووم
گەرووی وشکم
بە دوای قومێک ئاوا وێڵ بوو،
بۆ بارانی هەر ئاسمانێک، نوشتامەوە
ئاوی لێڵ بوو!

⚐ ⚐ ⚐

گەر ئەتەوێ
خوێنی دەماری شێعرم بیت؛
داستانێک بیت، بێ کۆتایی؛
گەر ئەتەوێ
خۆشەویستیت
بەدوایدا نێت، ماچی ساردی ماڵئاوایی؛

بەڵێن بدە:
ئاسمانم بیت
بەڵێن بدە:
هەناسەم بیت، سێبەرم بیت، بارانم
بیت
تاکوو منیش،
شانۆی کۆنم جێ بهێڵم
دەمامکی رووم، فڕێ بدەم،
دوو باڵی پڕ خۆشەویستیم
لە گەردنت گرێ بدەم!

١٩٧١/١١/١٠

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## دڵنیام کە

گەر ئەزانیت
تۆش، خۆری ئێوارە ئاسا
ئاوا ئەبیت
گەر ئەزانیت
باڵدارێکی بێ لانەیە، خۆشەویستیت،
لە ئێستاوە
باڵی پەپوولەی نەوحەزم، ببەستەوە،
بە تاڵە موویێکی کەزیت؛
بیدە بە دەم لافاوەوە، تا کوو زووە.
من بێ پەروام
زۆر حەزی وام
بەو دەستانەی خۆم ناشتووە!
١٩٧١/١١/٢٨

## بەفرو پشکۆ

بمزانیایە
جارێکیتر،
سێبەرم، سێبەرت شانە ناکاتەوە
بمزانیایە
جارێکیتر،
خەیامی دەروونی هەڵچووت،
پێکی وشەی شێعرەکانم، ناخواتەوە
پشکۆی هەزار ئاگردانم
ئەهێنایە سەر لێوی خۆم
کتێبی ماچی دوایی، بکەینەوە.
بەفری هەموو نیسارانم
ئەهێنایە سەر لێوی خۆم،
تا پێت بڵێم:
«چیتر بە یەک ناگەینەوە!»

١٩٧٢/١/١٩

## هونراوەم ئاو زەنگ ئەدا!

گەر حەز ئەكەن
سەرینی منالەكانتان،
گوڵ مێخەكی لە سەر شین بێ،
دەورو پشتی بێشكەكانیان،
پڕ لە خەونی بەفر ڕەنگی ئارموشین بێ!
دەسرازەیان

پەلکە زێڕینەی ئاسمان بێ،
دڵی مەسیح
بووکە شووشەی یارییان بێ!
گەر حەز ئەکەن
ڕەزەکانتان، پڕ میوە بن
خۆر، لە لافاوی خەندەتان بخواتەوە،
هەوری گران
نامە لە کێڵگەکان نەبڕێ،
پێ ئاوی خاوی، کانیەکانتان هەڵداتەوە:
بەرەڵڵاکەن
بەرەڵڵاکەن
ئەو باڵندەیەی، هێلانەی
لە سەر زمانم کردووە!
بەرەڵڵای کەن!

١٩٧٢/٦/٤

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

دیوانی فرمێسک و زام

کوردانە
kurdaane.com

## تابلۆی ژیانم

منم، ژیانی پڕ لە ناسووری
لە نیشتمانا، نزیک و دووری
کاری کردە سەر ناخی گیانەوە
پەنجەی بردم بۆ خامەی جەسووری

منم، لای لایەی هەژاری و رۆژگار،
ناڵەی دەورو پشت، هەناسەی ئازار
گوێچکەی تەمەنیان، زرینگاندمەوە
خستمیانە کار، بە هیوای «بەهار»
منم، شەپۆلی، ئازار و تاڵیم
خەندەی کوشت لە سەر لێوی مناڵیم
بەڵام، زۆر بیری بەرزی ژیانی
بەرەو دەماخی ساوا، راماڵیم

**منم، گەردانەی گەردنی خەیاڵ**
**ساتێ فریشتەی جوانیم دێتە پاڵ**
**تابلۆی هونەرم، بۆ ساز ئەکاتن**
**بۆی دێمە بزە، خرپە، گڕ و گاڵ**

**منم، سروشت و هونەر و جوانی**
**ئاواز و هەڵبەست، نوزەی گۆرانی**
**یەکە بە یەکە، لێویان ماچ کردم**
**منیش بۆم وتن، هەرچەندم توانی**

١٨/٦/١٩٦٦ ـ هەولێر

## خۆ فرۆشن

کیژۆڵەی دڵگیر! ئەی لەخۆبایی!
بۆچی ئەمکوژیت، بە ناڕەوایی؟
بۆچی دڵڕەقی، بەرامبەر بە من؟
کە بتپەرستم، هەتاکو مردن؟
ئەزانم بۆچی، دڵ پڕ لە قینی
لە چەقی رێگا، چاوت نامبینی؟!
چونکە دڵپاک و وەفادارم بۆت
شەوانی تاریک، لە ئازارم بۆت
چونکە لاوێکم، راستم، فێڵباز نیم
چونکە چاوبازنیم، بە فیز و ناز نیم!
چونکە جل رەنگاو رەنگی جادە نیم
چونکە قومارچی و فێرە بادە نیم

چونکە نازانم ـ نەکەم و نە زۆر ـ
رووم «ماکیاج» بکەم، هەر رۆژ بە سەد جۆر
«دۆن جوان»ێک نیم، سینگ دەرپەڕێنم
لە سینەماکان، تێر بتگەڕێنم!!
چونکە هەژارم خاوەن تەلار نیم
بەندەی سەربەرزیم، بەندەی دینار نیم
چونکە لە جیاتی دیاری یا سامان
پێشکەشم کردی، دڵێک تا نەمان...!
بەڵێ تۆ، بۆیە دڵ پڕ لە قینی
لە چەقی رێگا، چاوت نامبینی!

١٣/٢/١٩٦٥ ـ هەولێر

## هەر بە دراوم

پارچە هۆنراوەیەکی (نزارقبانی) یەلەگەڵ دەستکاریەکی زۆر کردومەتە کوردی.

هەر بە دراوم...
نەک بە گفتوگۆی نەرم و شەکراوم
خوو رەوشت بەرزیت، سوپەری شکا
ئەو ئاوە پاکەی، پێت ئەوت «ئابرو»!
بە جلی جوان و زێر و زیو تکا.
وەکوو کوتکە کوێر
لە هەموو هەوراز
لە هەموو هەڵدێر
بێ لێکدانەوە، بەشوێنم کەوتی!
باوەرت پێم کرد، هەرگیز نەسرەوتی.
هەر بە دراوم...
نەک بە گفتۆگۆی نەرم و شەکراوم!

ئەوەتە سینەی
وا شۆرشگێڕ و لەخۆبایی بووت،
ئەوەتە هەر دوو، گۆپکی مەمانت،
لە دەست پەنجانم، ئەنالن بە جووت؛
گەنجینەی خۆمە!
کوانێ؟ نابینم، قەت بەربەستم کەی
دەربەدەرم کەی، زویر و پەستم کەی.
ئا، ئەوا ئێستا....
زۆر گوێدێرتر بوی...
بۆ پەنجە کانم، لە ئەنگوستیلە.
ئەو لێوە ئاڵەی
لە سەردەمێکا، وەک خوا ئەمپەرست
وا بە دەستمەوە، ئێستاکە دیلە!

باوەڕم هێنا، ئەم جوانییە
بۆ گشت کەسێکە هەر بۆ من نییە؛
بۆیە ئەیشێلم
بو کەسێکی‌تر، شێلەی ناهێڵم
ئەزانی بەچی؟
هەر بە دراوم...
نەک بە گفتۆگوێ، نەرم و شەکراوم

وا بە سەر هەموو ئەندامی لەشت
هەڵئەڕێژم قین....
قینێکی دێرین....
ئای هەژار!
نەزان!
چی لە دەست نایێ....
نە فیز...
نە جنێو....
نە قین و نە ناز، یا خۆ هەرایێ!
هەر لەو رۆژەوە، دیلم کردووە
هەر بە دراوم...
نەک بە گفتوگۆی، نەرم و شەکراوم!

١٩٦٦

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## کرێکارین

کرێکارین، کرێکارین
پەروەردەی ئێش و ئازارین
ئارەق رێژین
ژین ئەنێژین
تاکوو بژین
کرێکارین، کرێکارین
کۆڵەکەی ژینین، بەکارین
بە هەڵمەتی بازوو و شانمان،
بە تەمەنی

پڕ مەینەتی تێکۆشانمان
شاخ و داخی پڕ مەترسی
بنکۆڵ ئەکەین
جەرگ ئەدڕین،
لە کیسەی تەمەنی خۆمان،
نرخێکی تازەی بۆ ئەکڕین،
بەڵام توشی سەر سووڕمانین
کە نازانین
بو کێ ئەچێ، رەنجی بازوو!!
جگە لە نان
چەند لەتێ نان
ماکی ژیان،
ئەمەش بۆ چی؟!
تا ببینە گڕ، وەکوو ئامراز
بێ قرەقڕ، نەمانبێ راز
جگە لە رەنج، جگە لە کار
بۆ گیرفانی سەرمایەدار...

١٩٦٥

## دۆن جوان

ڕێک و جوانی، تۆ «دۆن جوانی»
سینگ دەرپەڕیو ، چاو ژنانی؛
هەنگاو بنێ، سووک خۆت بادە
لەم جادەوە، بۆ ئەو جادە
سەر شانە کە، لە ناو کۆڵان
ئازای ناو کۆڕی کیژۆڵان!
جل، وەک بووکی ناو کەژاوەی
یەخە، بە مێخەک ڕازاوەی
کەوشی تازەت، چەشنی شالوور
لێی هەڵئەسێ، ئاواز لە دوور!
بۆ هەر جێگا، بچیت بێدەنگ
ئەتپەرستن کچانی شەنگ!
سا چیت لە من، چیت لە «حەمە»
کە وا دڵمان، پڕ لە غەمە؟!

حاڵت باشە، وا گڕەی دێ
گیرفانت گەرمە، زڕەی دێ!
تف لەم بەژنە، لەم باڵایە
لەم سەر و ملە واڵایە
تف لەم دڵە پڕ سستی‌یە
کە هەر فێرە ژێر دەستی‌یە
تف لە جووڵەی ئەم دوولینگە
کە ئێجگار چوست و زرینگە
بۆ هەڵپەرین و بۆ سەما
بۆ هاتوچۆی پێش سینەما!

تف لە جوانی ئەم دووچاوە
کە بۆ چاوبازی خوڵقاوە!
نابینێ نیشتمانەکەی،
ئازاری خاکە جوانەکەی،

تف لەم گوێچکە چەند سەگسارە
چەند موچە بۆ دەنگی پارە!!
بەڵام دوورە لە بیستنی
کوردایەتی و پەرستنی
١٩٦٥

## ئاواتێک

توخوا گیانەکەم! لەگەڵ بەیان، زوو
بمگەیەنە کۆشکی بەرزی ئارەزوو
وەک پەیکەرێکی دەستکردی خوایی
بمخەوە ژینی پر دڵنیایی
وەرە بەر دەرگا، بە چاوی پڕ خەو
هەر بە پۆشاکی فریشتەیی شەو
هەناسەیەکی بۆن خوشی لێوان
بخشێنە بەسەر، پەڕەی گوڵی ژیان
بە خەندەیەکی پاکی بێ گرێ
موچڕک، دڵم، وەکوو دیل بگرێ
تا کپ کا، داخی شەوی درێژم
کە خرپەی دڵم، بوت هەڵئەڕێژم

١٩٦٥/٩/١ هەولێر

## پێکەنە!

پێکەنە بە من، بە باڵا و ڕەوتم
بە ساویلکەییم، بە بیری چەوتم
بە درەختەکەی خەیاڵی لاویم
کە ساڵەهای ساڵ، لە سایەی خەوتم
بەو دڵە مەستەی، چاوی تۆی پەرست
ئەو چاوانەی قەت، بۆیان نەسرەوتم
پێکەنە بە من، هەتا ئەتوانی
بەڵێ پێکەنە،
بە من، بە ژینم،
بە لەشی بێ هێز،

به هەر دوو چاڵی چاوی بێ تینم
بە کەند و کۆسپی، رووی شێلە بڕاو
گرژ و تێکچڕاو.
بەڵێ پێکەنە
بەم پێکەنینە، زۆر نازەنینی؛
من زویر نابم
چاو راهاتووە، هەروا بتبینی.
پێکەنە گیانە!
بە ئەو سەردەمەی
پڕ ئێش و خەمەی
لە قرچەی گەرما
لە سۆڵی سەرما
زۆر بە تاسەوە، ئەهاتمە سەر رێت
وشەی دڵداریم، ئەچرپاندە گوێت
هۆنراوەی تەڕم، بۆت ئەهۆنیەوە
بۆ دڵداری تۆ
بۆ بەختیاری تۆ
بۆ رووی وەک مانگت
بو چاوەکانت
بو پێلووی مەست و برۆ و برژانگت
وەک هونەرمەندێکی لەخۆبایی
ئەمکردی بە پەیکەرێکی خوایی
لە دەور و پشتت، ئەسووڕامەوە

بە دڵنیایی.
بە پەراموو‌چەی هەستی ناسکم
زۆر بە وردبینی، نەخشم ئەکردی.
سا بەرەو تەختی
فریشتەکانی بەهەشت ئەمبردی

بەڵێ پێکەنە؛
کە هاتو و چۆم کرد
لە بەردەم کۆشکی خنچیلەی زاوا
تەماشام کردی، زۆر بە ترسەوە
لە گۆشەی چاوا،
ناچار لە تاوا؛
بەڵێ نازەنین!
دەنگی خرخاڵ و قاقای پێکەنین،
زرەی سێ رستەی گەردانەی زێڕین،
بیکە مۆسیقا
پەردەی گوێچکەم، پێی بێنە گرین.
سا ئەنگوستیلە...
ئەنگوستیلەکەی پەنجەی قشتیلە
شەوقی بەهێزی، بدە لە چاوا
لە گەڵ پێکەنین، پڕ بە دەم بڵێ:
با خۆش بێ زاوا... هەر ماڵی ئاوا!
پێکەنە گیانە!

بەو رۆژە رەشەی، تیایا روا:
گوڵی دڵداری زوو بابردوومان؛
بە خەوی خۆشی سەر ئەو باوەشەی
ئەگێرێتەوە، گشت رابردوومان

پێکەنە، بە ناز، ئەی نیهاد مردوو
بە خەونی دوێنێی من و تۆ، هەر دوو
بە هۆنراوەم و تاری بینایيم
بە هەناسە سەردی و ژینی تەنیاییم
بە چەند وشەیێ، هێلانە سەر لێو
شیرین، ئاگرین، کەم و هەست بزێو:
(پەرستگای رووخاو! ئەی بووکی تازە!)
(ژینی نێو کۆشکت، سەد جار پیرۆز بێ)
(ئەو گەنجینەیەی، کە ناوی «ناز»ە)
(با بۆت هەوێنی ئەندێشەو سۆز بێ)

١٩٦٦

## ئەی گوڵی زەرد

ئەی گوڵی زەرد! ئەی گوڵی زەرد!
ئەگەرچی رەشەبای نامەرد
وابە ئەنقەست، هەڵمەت دێنێ
لە چڵی ژین، بتقرتێنێ
لە ژێر پێیان، تێر بتشێلێ
ئەنجنت کات، هەر نەتهێڵێ
تاکوو، ناکام
نەگەی بە کام؛
سارێژ نەبێ
لە دڵتا زام؛
بەڵام گیانە، ئەی گوڵی زەرد!
بەرز هەڵچووی گەڵا بێگەرد!

کتێبخانەی پەیامنێر بەپێڕانەوەی نییە

تو هەر ئەژیت،
ڕەگت هەیە، لە دووره شوێن؛
گڕت هەیە
لە ناو هەموو تنوکێک خوێن

ئەی گوڵی زەرد! ئەی گوڵی زەرد!
هەزارەها، لاوی نەبەرد
دڵداری تۆن...
چاوەنوارِی، بەهاری تۆن.
باوەڕی بە هێزیان پێتە
بۆیە ژینیان لە ژێر پێتە
پوڵایینن، زۆر بە هێزن
بەهەر نرخێک ئەتپارێزن

ئەی گوڵی زەرد!
تاکوو شەوە، با «ڕەشەبا»
لا بە لا بتهێنێ و بتبا؛
بەڵام سبەی
تیشکی بەیان...
کە ئەتبینێ، پەیامی پیرۆزت گەیان؛
هەڵتئەمژێت، ماچت ئەکات
باست بۆ هەر لایێ ئەبات؛
ئەوسا شالوور

بۆ لای تۆ دێ لە ئاسۆی دوور،
تا پڕ بە دەم بچریکێنێ
مەردایەتیت بدرکێنێ،
گۆرانی خۆش، بلێت بۆ تۆ
بۆ هەموو باخ؛
بلەرزێنێ داوێنی شاخ:
«تۆ هەر ئەژیت»
«ئەی گوڵی زەرد»
«بەرز هەڵچووی گەڵا بێ گەرد»

١٩٦٦

کەس مافی لەچاپدانەوەی نییە

## لە بیرت ناکەم

چۆن بۆم ئەکرێ لە بیرت کەم؟!
چۆن بۆم ئەکرێ دڵگیرت کەم؟!
چۆن، لاپەڕەی پاکی سپی
هی رابوردووی شادی و کپی،
لوولی دەم و بیشارمەوە؟!
بەودڵەی پڕ ئازارمەوە

هەر دوێنێ بو، لێرانەدا
هەر لەم شوێنە وێرانەدا
بە رابواردن، بە هەڵمژین
خەندەمان نا سەر لێوی ژین
بێ ئازار و بێ پەرۆشی
ئەکەوتینە خەوی خۆشی؛
لەبەر ترسی هەناسەمان
جۆشی دڵی پڕ تاسەمان
دەست و پەنجەی خوای دڵداری

ئەیداینێ بادەی بەختیاری؛
سا چۆن ئەبێ، لە بیرت کەم؟!
چۆن بۆم ئەکرێ دڵگیرت کەم؟!

هێشتا قاقای پێکەنینت
چرپە چرپی وا شیرینت
پەیماندانی بە گیانەوە
پڕ دڵسۆزی و لاوانەوە
لە بەر گوێم، ئەزرینگێتەوە
هەروا دێ و نابڕێتەوە
سا چۆن ئەبێ، لە بیرت کەم؟!
چۆن بۆم ئەکرێ، دڵگیرت کەم؟!
هێشتا بزەی سەر لیوەکەت
هێشتا دڵکێشی شێوەکەت
دوو کوڵمە خوێن تێزاوەکەت
ئاخافتنی دوو چاوەکەت
هەر سات، تارمایی بەر چاون
نەخشی سەر دڵی داماون
سا چۆن ئەبێ، لە بیرت کەم؟!
چۆن بۆم ئەکرێ، دڵگیرت کەم؟!

١٩٦٥

## شێعری بێناو

بمگرە باوەش، هیوام، ئاواتم
ئەو باوەشەی بۆم بێشکەی ئاواتە
بملاوێنەوە، تاکوو لە لاتم
کە مەستی راستیم تەنها ئەوساتە
⚐ ⚐ ⚐
گەر هەبوون و نەبوونی، هەر بە مرۆڤایەتی با
بە ژیری و داوێن پاکی یا بە ئازایەتی با
هەژاری ئەمڕۆ، خاوەن گەنجینە و تەلار ئەبوون
ئەم زەنگینە زۆڵانەش، زگ برسی و هەژار ئەبوون
⚐ ⚐ ⚐
کیژۆڵەی شەرمن، بچکۆلەی نازدار!
رووت وەرمەگێڕە، لە بەردەم هەستیار
من هەر ئەو لاوەم، چەند رۆژ لە مەوبەر
پێکرا، کاتێکی خۆشمان بردە سەر

## خاڵە پیروت

خاڵە پیرۆت! خاڵە پیرۆت!
بەسیە مەگری، بۆ بەختی خۆت.
کاروانەکەمان نەبەزە
کۆڵەکەی پشتی رەگەزە
زڕەی زەنگی پێشکەوتنە
پەیامبەری سەرکەوتنە
رۆڵەی غەمە، نەسڵەمیوە
لە کۆڕی ژین، زۆری دیوە
وەکوو گوڵ، لە بەهارەوە
لە سەر زبڵی ئازارەوە
رەگی داکوتا، زۆر بەتین
سەری هەڵدا، ئاسمانی ژین

خاڵە! باوەڕمان، شەپۆلە
شەپۆلی پڕ قین و تۆڵە
پەیامی «راستی»ی ژیانە
دژی فرمێسکی گریانە
لە سەر چاوەی ئازارەوە
لە هیوای لادێ و شارەوە
لە قوڵپەی خوێنی زامەوە
لە حیبری نووکی خامەوە
هەڵقوڵاوە، زۆر کوڵاوە
لەگەڵ ژیان، تێکەڵاوە
جموجۆڵی ئەم شەپۆلە
تێرئاو ئەکات، هەردی تۆڵە
هێزی زۆردار، چەند گەورە بێ
جڵەوگری ئەم دەورە بێ
رایئەماڵێ، لە دەمێکا
ئەیفەوتێنێ، لە کەمێکا
چونکە هێزی مێژووی دوورە
شۆڕشە، دژی سنوورە

١٩٦٦

## وشەی پەردە...!

ئاغا وتی: من پەیکەری «خوام» کت و مت
ئەبێ گشت لا، بمپەرستن، هەر وەکو «بت»!
راستبوونەوە، «موسولینی» و «هیتلەر» لە گۆڕ
وتیان راستە، ئێمەش دوێنێ، وامان ئەوت!

«بچێنە ئەدوریەوە» لە کۆن پەندێ وا هەبوو
منیش لە زۆر هەردم چاند، بە زبڵم بڕوا هەبوو
کەچی ئێستاش داخەکەم، قەت هیچم نەدوریەوە
نە کەس وتی ئافەرین، نە تۆڵەش لای خوا هەبوو!

ئەی فریشتەی ئازادی! ئەی جێگا سەختنشین!
مەرجە ئەبێ بتگەمێ، بەسەر شاخی زەق خشین
گەرچی زۆر گلایمە خوار، بەڵام تێهەڵئەچمەوە
کاتێ سروەی ئومێدم، ئارەق ئەکا باوەشێن

## شەوێکی بوێژ

ڕووی زەمین، بێ هەست و دەنگە
شەوە زەنگە...
باڵی ڕەشی مەلی خەفەت
مەلی نەگبەت
وا ئەشەکێ
بە سەر دڵێک، کەوا گڕی دانامرکێ؛
ئای بۆ ئەمشەو!
بو دەمێک خەو!

ئای بو دەمێک پشوو دانم
وازهێنانم
لە وردبوونەوەی رابردووم
کە خەوی لە چاوا سەندووم
گۆڕی بۆ شادی هەڵکەندووم.
ئای بۆ ئەمشەو!
بۆ دەمێک خەو!

---

خۆزگە، وازم ئەهێنا زوو
لەم یادانەی، لە خەم پڕن
جەرگ بڕن
زۆر بە گڕن!
بەڵێ، یادی ئەوەی رابرد
تاڵی و خۆشی
فەرامۆشی؛
هی ئەو رۆژان،
بێ دەرد و ژان
لەگەڵ یەک بووین
لە سەر سینەی یەک ئەخەوتین
بەبێ هۆشی
ئای بۆ خۆشی!

نەک ئێستای وا بە پەرۆشی،
کە هەر ئەڵێم:
«ئای بو ئەمشەو!
بۆ دەمیک خەو!

کەچی ئێستا، جوانی نازدار
لە ناو کولیت، خانووی هەژار
قژی جوانی تێک ئاڵاوە
پەرش و باوە،
بە سەر سینەی،
ئەو سینەیەی، ئاگرینە
پێلووی چاوی
چاوی گەشی شاردۆتەوە،
وا لە خەوە.
سینەی پڕ راز
ـ کە چاڵی یادگاریمانە
وێنەخانەی سەر بردەی دڵداریمانە ـ
ئێستا باخی خۆشبەختییە
بە بێ ژانە
لە هەژانە.
بەڵێ ئێستا

دڵی کیژۆڵەی نەرم و نۆڵ
کەوتۆتە ناو خەوێکی قوڵ،
بە هیوایە، بێتە خەونی:
کوڕی کۆشک و تەلاری زۆڵ
بە خۆبادانی پڕ نازی
بێ بێخوازی!
بەم ئەندێشە گەرم و گوڕە
مێشکی پڕە!
چێتی لە من؟ منی هەژار!
دیلی ئازار

١٩٦٥

کەس مافی لەچاپدانەوەی نیە

## یاری دڵسۆزم

گیانە! هەژاری، دۆستی دڵسۆزم!
تەونی تەنینی بیری پڕ سۆزم!
ئەی ئەو نازدارەی، ساڵەهای ساڵە
تەنها و دەست لە مل ئەژین لەم ماڵە!
زۆر تۆم خۆشئەویَ، قەت جێم مەهێڵە
ژینم بە پەنجەی ناسک بشێلە!
چونکە کام هەڤاڵ؟ کام دڵداری تاک
کام دایک و باوک؟ کام برای شیر پاک
هێندە وەکوو تۆ، دڵسۆزە بۆ من
دەم لە دەمایە دەست لەسەر گەردن؟!

١٩٦٧

## پەشیمانی

لە هەڵە بووم،
لە ڕۆژانی جوانی و گەنجیم
بە پەلە بووم.
هەر نەسرەوتم
بە شوێن هەستێکی ون کەوتم
تاکوو لەسەر، سینەی نەرمی خەیاڵی پووچ
کپ بووم... خەوتم.
ڕابرد گەنجی،
نەمدی ڕەنجی؛
زۆر، بەر دەرگای نازدارێکم
کوتایەوە،

کوردستان لە چاپخانەی بینە

**تاکوو چڵی ژینی گەنجیم**
**رووتایەوە؛**
**ئەوسا مۆمی هەستی تەزیو**
**لە ژیانی، پڕشەنگ بەزیو**
**گیرسایەوە؛**
**بۆی دەرکەوت رێگای سەرەو ژوور**
**رێگای کۆشکی ئامانجی دوور.**
**بەڵام پاش چی؟!**
**پاش ئەوەی، زۆرم لە دەست چوو**
**لە ناکامی و لە هات و چوو**

١٩٦٥

## شەوە زەنگ

گیانە! وا شەو درەنگە
زەمین کپ و بێدەنگە،
بەر پەنجەرەی رووناکت
بەرنادەم، شەوەزەنگە؛
تاکوو نەتگرمە باوەش
ئەی گوڵی ئاواتی گەش!

⸙ ⸙ ⸙

زۆر بە ئازارم، ئەمشەو
لە چاوانم، دوورە خەو
بۆ خەوی باوەش هاتووم
بۆیە گرەو بێ، گرەو
واز نەهێنم، دیدەگەش!
تا تێر نەتگرمە باوەش.

⸙ ⸙ ⸙

وەرە، دڵ پڕ ئەوا بین

پیاوی ماوی هەڵگرتنەوەی پێنە

له ژێر پەردەی شەوا بین،
له چۆڵی غەم، هەڵفڕین
دوور له تامی خەوا بین.
تەنها دەمێ، دیدەگەش!
یەکتر، بگرینه باوەش

ڤێنوسم! خواوەندەکەم!
بژێنەوە خەندەکەم،
ژین له ژێر پێی ئەوسات بێ
ئەشکێنێ پەیوەندەکەم
به سکاڵای دیدەی گەش
به چرپه چرپی باوەش.

شەوقی نزمی ئەستێرە
سەما ئەکات، بۆ ئێرە
به خەندەی پڕ بەزەیی
چاو هەڵناگرێ لێرە،
تا من و تۆی دیدەگەش
یەکتر نەگرینه باوەش

١٩٦٦

## کۆرپەی ساوا

گیانە! گەر جار جار، ناچار لە تاوا
ئەسرینم هەڵڕشت، لە گۆشەی چاوا
بملاوێنەوە، سەر لە سەر رانت
کپ ئەبمەوە بۆت، وەک گۆرپەی ساوا

کەس مافی لەچاپدانەوەی نییە

## دڵداری بێدەنگ

دوو دڵدارین
کپ و بێ دەنگ؛
دوو زامدارین
ژین، شەوە زەنگ؛
دێینە فڕین
لە ئاسمانی خەیاڵی تەڕ،
بێ ڕازو نیاز دەربڕین؛
بەڵام خۆشە،
ئەو دڵە چۆڵەی کە خامۆش بوو
دوور لە جۆش بوو
ئێستا پڕە

لە ئاوازی
دەنگی سازی
خۆشەویستی
خۆشەویستی کەس نەبیستی
کە لە ئەسری شەوگاری چاو
پێشکەشم کرد هەرچەند ویستی.
بەڵێ خۆشە
با رامماڵێ، لێشاوی ئەندێشەی بێ بن
با هەڵمدا، بۆ تەک ئەو خواوەندی خرپن
جوان و شەرمن
کە دەمێکە رائەبوێرین
بێ گفتوگۆ
رازی دڵمان، هەڵئەڕێژین
لە ژێر برۆ،
قوتمان ئەدا، گەرووی تەنگی
ژینی ژانی، شەوەزەنگی
بە بێ دەنگی؛
لە چوارێنەی دڵی لاومان
شێوەی جوانی
یەکتریمان هەڵواسیوە؛
لە ئاوێنەی روونی چاومان
دڵی یەکمان چاک ناسیوە؛
چۆن نەیناسیم؟!

**چۆن نەمناسی؟!**
**دێینەرێی یەک، بە کەساسی**
**لەگەڵ دڵەکوتەی گەرم**
**لە دوو رووی تاساوی نەرم**
**تک تک ئەتکێ**
**ئارەقەی بێ گەردی شەرم،**
**ختۆکەی پەنجەی ئارەزوو**
**ئەمانخاتە، لێشاوی موچڕک و تەزوو؛**
**گلێنەی چاو**
**ـ کە فرمێسک ئەیدوێنێ ـ**
**دەستێکی خوایی نهێنی**
**پەردەی بەسەردا ئەکشێنێ**
**هیچ نابینێ...**

١٩٦٦

## شێوە

زۆر لێت دوورم ، ڕاستە گیانە
بۆت پەرۆشم ، دڵ پڕ جۆشم
جەستەم وەک چاو لە گریانە
بە ناو ، شارێکی خامۆشم

لە سەر پەردەی تاریکی شەو
شێوەی جوانت ، ئەنەخشێنم
هەرگیز لە چاو ، ناکەوێ خەو
ئەیپەرستم ، ئەیدوێنم

١٩٦٥

## بڕیار بوو...؟

بڕیار بوو پێشێل بکەم دڵداریت
پچڕ کەم، تەلی سۆزی یادگاریت
تا تێکەڵ، گیانی یەزدان نەبمەوە
بۆ نێو پەرستگای چاوت نەچمەوە
بڕیاربوۆ کە وا ئاگرێکی خۆش
پەیامەکانت، گشت بگرێتە کۆش
بەڵام، تنۆکە فرمێسکی ئەمڕۆت
وای کرد، گۆرانی بڵێمەوە بۆت
لە جاران مەستتر، بەندەی جوانیت بم
هەستیاری بزەی کامەرانیت بم

**بمبوورە**

بمبوورە، ئەی کچ! بمبوورە!
ئەو ڕێگایەی
ویستم بە ئاهەنگ بیبڕم
یەکجار دوورە،
بێ سنوورە.
بمبوورە! هێشتا منداڵ بووم
کرچ و کاڵ بووم
بە لاڵانەوەی ڕەنگاوڕەنگ
ئەمکرد بە بەهەشت و ئاهەنگ
لە ناهەستا، ئەمکردی مەنگ
پێم لێ ئەدای، چەپڵە بە چەنگ.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی

**بەڵێ، بمبوورە، خۆشەویست!**
**«ئەوەی رویدا» من وام نەویست؛**
**بێ گوناهم...**
**وایان پێم وت، دەورو پشتم**
**هەست پاکیان، لە دڵ کوشتم**
**وتیان: وایە**
**خوشەویستی، بەس سەمایە**
**ماچ کردنی لێوی ئاڵە**
**یا گوشینی سینەی کاڵە**
**مووچڕکی دەست لە ملانە**
**رابواردنی ناو گوڵانە**
**چاو بازییە**
**خۆ با هەڵدانەوەی کوڕە**
**شانازییە**
**دڵگیر بوونە، رۆیشتنە**
**ئاشت بوونەوەو گەیشتنە**
**خۆ کوشتنە**
**خوێن رشتنە**
**تەوەزەلی و پاڵ کەوتنە**
**نەخەوتنە...**

بەڵێ گیانە!
سوێند بە مەرگت، بەم چاوانە!
بێ گوناهم، سووچ لەوانە
ئیمەیان خستە هەڵەژین
لە ژێر داری ورێتەی گوڵ
دوور لە تیشکی دوارۆژی ژین؛
ئێستاش گیانە!
چەند ئازار و خەم ئەچێژم
چەند ئەسرین بە کوڵ ئەڕێژم
کە پێم ئەڵێی:
کوا؟ هیوامان نەهاتە دێ؛
بەڵام چیبکەم؟ چیم لە دەست دێ؟

١٩٦٦

کوردانە
kurdaane.com